مجلة فصلية محكمة تصدرها كلية التربية للعلوم الإنسانية ـ جامعة كركوك

# مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية

المجلد (20) العدد الثاني – الجزء الاول – ايلول 2025

مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية

المجلد (20) العدد الثاني – الجزء الاول – ايلول 2025

مجلة فصلية صادرة من
كلية التربية للعلوم الإنسانية
جامعة كركوك
Issn 1992 - 1179

العنوان البريدي
العراق/ كركوك/ جامعة كركوك
صندوق البريد: 2281 والرمز البريدي: 52001

رقم الايداع في دار الكتب و الوثائق ببغداد 1209 لسنة 2009

# مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية

المجلد (20) العدد الثاني – الجزء الاول – ايلول 2025

مجلة فصلية صادرة من كلية التربية للعلوم الإنسانية
جامعة كركوك

ISSN 1992 - 1179

العنوان البريدي
العراق/ كركوك/ جامعة كركوك
صندوق البريد: 2281 والرمز البريدي: 52001
رقم الايداع في دار الكتب و الوثائق ببغداد 1209 لسنة 2009

E. mail
kujhs@uokirkuk.edu.iq

رئيس التحرير
الأستاذ الدكتور
مراد إسماعيل أحمد

29 تموز 2025

## أعضاء هيئة التحرير

| ت | الاسم | اللقب العلمي | البلد | الاختصاص | مكان العمل | الملاحظات |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | د. مراد إسماعيل احمد | أستاذ | العراق | الجغرافية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | رئيس هيئة التحرير |
| 2 | د. حيدر عادل محمد | مدرس | العراق | اللغة التركية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | مدير هيئة التحرير |
| 3 | د. مشاري عبد العزيز محمد الموسى | استاذ | الكويت | اللغة العربية | جامعة الكويت كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 4 | د. سيد صادق عوض الله احمد | استاذ | مملكة البحرين | اللغة الإنكليزية | جامعة البحرين كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 5 | د. نازان توتاش | أستاذ | تركيا | اللغة الإنكليزية | جامعة انقرة كلية اللغات | عضو هيئة تحرير دولي |
| 6 | د. فهد عباس سليمان | أستاذ | العراق | التاريخ | جامعة كركوك كلية التربية للبنات | عضو هيئة هيئة تحرير |
| 7 | د. نور الله جتين | استاذ | تركيا | اللغة التركية | جامعة انقرة كلية اللغات | عضو هيئة تحرير دولي |
| 8 | د. كمال عبد الله حسن | استاذ | العراق | الجغرافية | جامعة الانبار كلية الاداب | عضو هيئة تحرير |
| 9 | د. زانيار فائق سعيد | استاذ | العراق | اللغة الانكليزية | جامعة السليمانية | عضو هيئة تحرير |
| 10 | د. جنار عبد القادر احمد | أستاذ | العراق | علوم تربوية ونفسية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 11 | د. دلال علي سليمان زريقات | استاذ | الأردن | الجغرافية | الجامعة الأردنية كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 12 | د. ياسر محمد طاهر | أستاذ | العراق | طرائق التدريس | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الصرفة | عضو هيئة تحرير |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 13 | د. كاروان عمر قادر | استاذ | العراق | اللغة الكوردية | جامعة السليمانية كلية اللغات | عضو هيئة تحرير |
| 14 | د. عصام مصطفى عبد الهادي عقلة | أستاذ مشارك | الامارات | التاريخ | جامعة خورفكان كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 15 | د. ابراهيم بن يحيى بن زهران البوسعيدي | أستاذ مشارك | سلطنة عمان | التاريخ | جامعة السلطان قابوس كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 16 | د. نزيه إبراهيم المناسية البطوش | استاذ | الاردن | الجغرافية | الجامعة الأردنية | عضو هيئة تحرير دولي |
| 17 | د.خالصة الغباري | أستاذ مساعد | سلطنة عمان | اللغة الإنكليزية | جامعة السلطان قابوس كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 18 | د. مهدي قيس عبد الكريم الجنابي | أستاذ مساعد | الامارات | علوم القران | جامعة الشارقة كلية الشريعة والدراسات الإسلامية | عضو هيئة تحرير دولي |
| 19 | د. إسماعيل البر قومسر | أستاذ مساعد | تركيا | اللغة التركية | جامعة دوزجه | عضو هيئة تحرير دولي |
| 20 | د.فارس محمود محمود | أستاذ مشارك | سويسرا | الجغرافية | جامعة بيرن | عضو هيئة تحرير دولي |
| 21 | د. كامل عبد القادر حسين | أستاذ مساعد | العراق | علوم القران | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 22 | د. عز الدين صابر محمد | أستاذ مساعد | العراق | اللغة الكوردية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 23 | د. خالد احمد هواس | أستاذ مساعد | العراق | اللغة العربية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 24 | د. محمد اكبر بور | أستاذ مساعد | ايران | الجغرافية | جامعة ريزا كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 25 | د. علي هادي حسن | أستاذ مساعد | العراق | اللغة العربية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 26 | د. مجيد احميد جدوع الزبيدي | استاذ | العراق | اللغة الإنكليزية | جامعة الانبار كلية الاداب | عضو هيئة تحرير |
| 27 | د. محمد علي شريف | أستاذ مساعد | العراق | اللغة التركية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 28 | د. زينب عصمت صفاء الدين | مدرس | العراق | اللغة الإنكليزية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 29 | د. عماد عبد الله مراد | مدرس | العراق | علوم القران | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |

مقدمة

يشرفني أن أقدم لكم هذه المقدمة التي تسلط الضوء على الدور الحيوي والمهم للبحوث التي يقدمها الباحثون للمجلة، والتي تسهم بشكل فاعل في تعزيز وتطوير مجالات الدراسات الإنسانية. إن المجلة تهدف إلى توفير منصة علمية رائدة لنشر الأعمال الأكاديمية التي تتناول قضايا حيوية في مختلف فروع العلوم الإنسانية، بما في ذلك الفلسفة، وعلم الاجتماع، والأنثروبولوجيا، وعلم النفس، واللغة، والتاريخ، والفنون، وغيرها.

إن الأبحاث المقدمة للمجلة ليست مجرد نتائج لدراسات علمية، بل هي محطات فكرية تعكس تطور المفاهيم والنظريات في هذه المجالات. تعمل هذه الدراسات على طرح حلول للمشاكل المعاصرة، وفهم الظواهر الإنسانية في سياقاتها المختلفة، كما تساهم في تقديم رؤى جديدة لتطوير المجتمع وتعزيز الوعي الثقافي والعلمي.

إن الدور الكبير لهذه البحوث لا يتوقف عند نشر المعرفة فقط، بل يتعداه إلى تحفيز التفكير النقدي والإبداعي، ودعم الجهود الأكاديمية في بناء قاعدة معرفية متينة تُسهم في تحريك عجلة التغيير والتطور في المجتمعات الإنسانية. ولذلك، فإننا نعتبر هذه البحوث أداة أساسية في تطوير الفكر الإنساني، ودعم المساعي المستمرة لتحسين جودة الحياة البشرية عبر أبعادها المختلفة.

نتطلع في المجلة إلى استقبال مزيد من الدراسات الرصينة التي تثرينا وتوسع آفاقنا العلمية، مؤمنين بأن هذه الإسهامات العلمية هي حجر الزاوية في بناء مستقبل أكثر إشراقاً في مجال الدراسات الإنسانية.

**رئيس هيئة التحرير**

**ا. د. مراد إسماعيل احمد**

**شروط وقواعد النشر في مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية**

1. تسلم نسخة الكترونية من البحث عبر الموقع ( https://kujhs.uokirkuk.edu.iq ) تحت برنامج Microsoft Word بصيغة doc او بصيغة dox.
2. يطبع البحث بواسطة الحاسوب بمسافات واحدة بين الأسطر شريطة أن لايزيد عدد صفحاته عن 25 خمس وعشرين صفحة وبواقع (5000 الى 10000 ) كلمة، ونوع الخط Simplified Arabic بما في ذلك الجداول، مع تنسيق محدد مسافة 1.5، خط بحجم 14، على ورق A4. للبحوث الخاصة باللغة العربية، يُكتب البحث بخط (Times New Roman) للغة الإنجليزية و التركية بحجم خط (14) على ورق مقاس(A4). اما بالنسبة اللغة الكوردية فونت كوران Kurdfonts.
3. تقديم سيرة علمية مختصرة للباحث أو الباحثين مرفقة مع البحث وتكون منفصلة.
4. تكتب أسماء الباحثين الثلاثية باللغة العربية والإنجليزية كما تذكر عناوين وظائفهم الحالية ورتبهم العلمية.
5. إقرار من المؤلف يؤكد أن البحث لم يسبق نشره وليس قيد النشر في مجلة أخرى.
6. العناوين الرئيسة والفرعية تستعمل داخل البحث لتقسيم أجزاء البحث حسب أهميتها وبتسلسل منطقي وتشمل العناوين الرئيسة: عنوان البحث، الملخص، الكلمات الدالة، المقدمة، إجراءات البحث، الشرح، الاستنتاج، المراجع.
7. يرفق مع البحث ملخص باللغة العربية وباللغة الإنجليزية على أن لاتزيد كلمات الملخص عن (250) كلمة.
8. تكتب بعد الملخص الكلمات الدالة للبحث.
9. تطبع الجداول والأشكال والخرائط داخل المتن وترقم حسب ورودها في البحث وتزود بعناوين ويشار إلى كل منها بالتسلسل.
10. يجوز نشر البحث إذا كان مستلًا من أطروحة أو رسالة دكتوراه أو ماجستير، بشرط ألا تكون هذه الرسائل منشورة أو مقبولة للنشر، ويجب الإشارة إلى هذا في الصحيفة الأولى وقائمة المراجع، والإفصاح عن ذلك في الإقرار والتعهد.

11. يلتزم الباحث بدفع النفقات المالية المترتبة على إجراءات التقويم في حال طلبه سحب البحث ورغبته عدم متابعة إجراءات النشر.

12. يمنح الباحث مدة أقصاها ثلاثة اشهر لإجراء التعديلات على بحثه إن وجدت ومن حق المجلة بعد ذلك الغاء الملف البحثي تلقائيا في حال تجاوز المدة المذكرة أعلاه.

13. التوثيق ( قائمة المراجع )

أ. يُشترط اتباع أسلوب الكتابة وفقًا لمعايير APA النسخة السابعة (الجمعية الأمريكية لعلم النفس )، ويجب الالتزام بالدقة في الاستشهادات وتنسيق القائمة المرجعية وفقًا لهذه المعايير، لضمان الوضوح والتناسق في تقديم البيانات والمعلومات العلمية.

ب. يشار إلى المراجع في المتن بالاسم الأخير للمؤلف وسنة النشر والصحيفة، مثال: علي عبد عباس العزاوي ( العزاوي، 2008: 214) أو ( العزاوي، 2008).

ت. يجوز في بحوث علوم القرآن والتأريخ الإسلامي توثيق المراجع من خلال تهميش المراجع باستعمال الأرقام المتسلسلة بين قوسين هكذا (1) ، (2) ، (3) وتبين في آخر البحث تفاصيل المراجع حسب تسلسلها وتوضع قبل قائمة المصادر والمراجع.

ث. توثق المصادر والمراجع في قائمة واحدة في نهاية البحث وترتب هجائيا حسب الاسم الأخير للمؤلف مثل:

(اسم العائلة، الاسم الأول للمؤلف، (سنة النشر )، عنوان الكتاب، رقم الطبعة، مدينة النشر، در النشر )، مثال:

شحاذة ، نعمان 2011، التحليل الإحصائي في الجغرافية والعلوم الاجتماعية، عمان – الأردن، دار صفاء للنشر والتوزيع.

ج. أما الدوريات: فيبدأ بذكر الاسم الأخير للمؤلف، ثم بقية الاسم كاملاً، ثم توضع سنة النشر بين حاصرتين. ثم عنوان البحث. ثم اسم المجلة غامق، ثم مكان صدورها، ثم رقم المجلد، ثم رقم العدد، ثم أرقام الصفحات.

14. يستشهد الباحث ببحثين على الأقل منشورين في مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية

15. عمل استلال للبحث في مركز الحاسبة الصادر من رئاسة الجامعة.

16. على الباحث دفع أجور النشر البالغة: (150.000) مائة الف دينار عراقي واذا زاد عدد الصفحات عن (25) خمس وعشرين صحيفة فسوف يتم استيفاء الأجور بواقع (5.000) خمسة الاف دينار لكل صفحة.

17. تجري هيئة تحرير المجلة التقييم الأولي للبحث، ثم يُعرض على محكّمين من ذوي الخبرة العلمية في مجال التخصص، وتلتزم المجلة بإخطار الباحث بالقرار النهائي بشأن الموافقة على النشر من عدمها على أن يلتزم الباحث بإجراء التعديلات التي قد يطلبها المحكمون من أجل إجازة البحث أو الدراسة للنشر في المجلة.

18. ترسل البحوث وجميع المراسلات المتعلقة بالمجلة الى موقع المجلة.

## فهرست البحوث المنشورة

## بحوث علوم القران


| رقم الصفحة | الباحث | عنوان البحث | ت |
|---|---|---|---|
| 1-45 | تغلب خليل إبراهيم<br>أ. د. محمد خليل إبراهيم | آثار الإلحاد المعاصر في حياة المجتمعات وسبل الوقاية منه | 1 |


## بحوث العلوم النفسية و التربوية


| رقم الصفحة | الباحث | اسم البحث | ت |
|---|---|---|---|
| 46-76 | م. م علي حسين عبدالله إبراهيم | أثر أنموذج التعلم ثنائي الموقف في تحصيل طلاب الصف الخامس الأدبي في مادة القرآن الكريم والتربية الاسلامية وتنمية تفكيرهم المنظومي | 1 |
| 77-113 | م. د اسماعيل حماش جاسم | إثر استراتيجية حوض السمك في تجهيز معلومات طلاب الصف الخامس الأدبي في مادة التاريخ وتنمية تفكيرهم الجانبي | 2 |


## بحوث الجغرافية


| رقم الصفحة | الباحث | اسم البحث | ت |
|---|---|---|---|
| 114-141 | اثير عزمي<br>ديدار اسود علي<br>طيب طالب حمه خان | تأثير السدود على التنمية الريفية المستدامة، دراسة حالة سد شيان، محافظة كرمانشاه، إيران | 1 |

## بحوث التاريخ


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | **النتاج العلمي لعلماء المغرب العربي والأندلس في حقل التأليف من خلال كتاب وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان لابن خلكان (ت 681هـ/1282م)** | ساهرة فاضل عواد ششو<br>أ. د. عذال إبراهيم حسين | 142–183 |
| 2 | **السياسة البريطانية تجاه مصر 1914–1936 دراسة تاريخية** | م.م مدحت حماش جاسم | 184–211 |
| 3 | **تلوث مياه شط العرب بنفط شركة النفط الانكليزية–الفارسية وانعكاسه على العلاقات العثمانية–البريطانية قبل الحرب العالمية الاولى دراسة من خلال الوثائق** | ا. م. د. عيدان شبيب سليم الصباحي | 863–885 |


## بحوث اللغة التركية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | تحليل قصيدة " بيتنا القديم" للشاعرة نسرين أربيل | ايلاف سالار أنور<br>أ.م. گـۆران صلاح الدين شكر | 212–236 |
| 2 | دراسة مقارنة بين الأمثال التركية والكردية | م.م. ايمان ازاد صادق | 237–257 |
| 3 | دراسة حول المساهمة التاريخية للسلطان مظفر الدين كوكبورو في أربيل | أيناس سالار أنور<br>د. نازناز به هجه ت توفيق | 258–272 |
| 4 | اللواحق الظرفية في اللغة التركية واللهجة البهدينية للغة الكردي | حلبشيما محمد شريف<br>د. گـۆران صلاح الدين شكر | 273–298 |
| 5 | مقارنة بين الصوامت التركية والتركمانية العراقية اربيل اتموذجا | زينب صديق صابر<br>أ.م.د.حازم برهان نجار | 299–327 |
| 6 | التدهور الاجتماعي والأخلاقي في قصائد رضا چولاك أوغلو | نازناز عدنان سمين<br>أ.م. گـۆران صلاح الدين شكر | 328–364 |
| 7 | دراسة اجتماعية وسياسية حول قصة "مجه حمال" لكمال بياتلي | هدى أبراهيم مصطفى<br>أ.م. گـۆران صلاح الدين شكر | 365–389 |

## بحوث اللغة العربية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | اثر استراتيجية صندوق الحروف القائمة على التعلم النشط في تنمية مهارات القراءة لدى تلميذات الصف الثاني ابتدائي | م. د. علي احمد حسين حمد السبعاوي | 390–429 |


## بحوث اللغة الانكليزية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | الديستوبية القوطية لفيليب ريدلي: صدمة الطفولة وعالم ما بعد 11 سبتمبر | م.م.آلاء موفق مصطفى الخزرجي | 430–457 |
| 2 | موضوعة الأرض الخراب في قصيدة "العواء" لألين غينسبرغ | ا.م.د حسين كاظم جلاب | 458–472 |

## بحوث اللغة الكردية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | المبادئ الأيديولوجية اللغوية في بنية اللغة الكردية | أ.م. ادريس حمەمراد مجيد<br>أ.د. كاروان عمر قادر | 473-500 |
| 2 | التمرد فى الشعر عبدالله بشيو | احمد صادق خورشيد<br>أ.م.د.عزالدين صابر محمد | 501-524 |
| 3 | (القضايا والإشكاليات الاجتماعية في روايات عطا محمد) | وريا برهان نورى<br>م. د. آشتى حسين عارف | 525-548 |
| 4 | أسباب التشاؤم في أشعار أحمد هردى | أمجد رحمان قادر<br>أ.د. سردار أحمد كردي | 549-582 |
| 5 | معالجة اللغة في معجم عقلي ثنائي اللغة | م. د. باخان سرحد عبدالرحمن<br>م. د. تانيا إسماعيل حمه امين | 583-624 |
| 6 | انعكاس الصراع النفسي في رواية بختيار علي (قصر الطيور الحزينة) | افين عبد القادر خليفه<br>ا.م. كويستان جمال سلام | 625-652 |
| 7 | المدح في الشعر الكردي عند الشيخ رضا الطالباني | جيكر قادر عمر<br>أ.د. سردار أحمد كردي | 653-681 |
| 8 | عنصر المكان و الغرابة في روايتي هيوا قادر (القصر الأحمر و طفل علئ القمر) | ريباز قادر ياسين<br>أ.د. مهدي فاتح عمر | 682-713 |
| 9 | اكتساب اللغة وتعلمها عند الطفل في لهجة السليمانية والهورامية | م . سالم حسن عەزيز<br>ا. د. بەكر عمر على | 714-750 |
| 10 | تعلم اللغة الثانية من خلال الصور الذهنية(اللغة الانجليزية نموذجاً) | آ.د.عبدالواحد مشير محمود<br>د.ڕێژنه سيف الدين حسن | 751-778 |
| 11 | التاريخانية الجديدة" وتطبيقاته في رواية "نيشتمانى سارا" لـ 'ميران ابراهام' | م. كانياو بكر عبدالله<br>ا. د.شنۆ محمد محمود | 779-807 |
| 12 | عملية التسمية في الحفاظ على اللغة الكردية | هيمن محمود قادر<br>ا.م.د. مصطفى رضا مصطفى | 808-862 |

مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية (20) العدد الثاني – الجزء الاول – ايلول 2025

Kirkuk University Journal of Humanities Studies

مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية

https://kujhs.uokirkuk.edu.iq

*DOI: 10.32894/1992-1179.2025.159146.1181*

Date of research received 14/04/2025, Revise date 04/05/2025and accepted date 07/05/2025

# Language processing in a bilingual mental lexicon

**Dr. Bakhan Sarhad Abdulrahman**

**Dr. Tanya Ismael Hama Amin**

**Abstract**

This research is in the field of psycholinguistics, an attempt to explain and interpret the main theoretical areas of both languages processing in lexicon, Language processing is more complex in mental lexicon of bilingual than in monolingual, Methods of storing, organizing, retrieving and accessing lexical representations of both languages and their use in psycho-linguistic processes is different. in bilingual mental lexicon stored words from both languages and their related information, The distinction between the lexicon representations of the two languages is not absolute, there can be interact between the lexical representations of both languages therefore, this study attempts to explain how two languages are represented in bilingual lexical based on the theories and models of bilingual mental lexicon, to gain a better understanding of the nature and how bilingual mental lexicon works in the processing of both languages, also the quality and quantity of first language mediation in second language processing is explained based on the level of bilingual knowledge and skills in the second language, speakers who are in the early stages of second language learning rely on first language information to fill linguistic gaps in second language processing. Bilinguals increase their skills by experiencing more of the second language and transcend based on first language information, performs linguistic processes based on second language information and data.

**Keywords:** bilingual, mental lexicon, selection and lexical access.

# معالجة اللغة في معجم عقلي ثنائي اللغة

م. د. باخان سرحد عبدالرحمن[1]

م. د. تانيا إسماعيل حمه امين[2]

**الملخص**

هذه البحث في مجال علم النفس اللغوي، وهي محاولة للتفسير والتحليل في مجال النظريات الاساسية لمعالجة اللغتين في ذهن ثنائي اللغة، حيث أن معالجة اللغة اكثر تعقيدا في المعجم الذهني للثنائي اللغة مقارنة بـأحادي اللغة، وكذلك تختلف طريقة التخزين، والتنظيم والإسترجاع والوصول الى التمثيلات المعجمية للغتين واستخدامها في العمليات النفسية اللغوية. يتم تخزين الكلمات من كلتا اللغتين والمعلومات المرتبطة بها في المعجم لذهن ثنائي اللغة، والتمييز بين التمثيلات المعجمية للغتين ليس مطلقًا، يمكن أن يكون هناك تفاعل بين التمثيلات المعجمية لكلا اللغتين، لذلك وفي هذه الدراسة بناءً على نظريات ونماذج المعجم الذهني ثنائي اللغة، يحاول تفسير وحقيق كيفية تمثيل لغتين في المعجم الذهني ثنائي اللغة، لفهم طبيعة المعجم الذهني ثنائي اللغة وكيفية عمله في معالجة كلتا اللغتين بشكل أفضل يُشرح أيضًا مدى جودة وكمية وساطة اللغة الأولى في معالجة اللغة الثانية بناءً على مستوى المعرفة والمهارات ثنائية اللغة فيها، يعتمد المتحدثون في المراحل الأولى من تعلم اللغة الثانية على معلومات اللغة الأولى لسدّ الفجوات اللغوية في معالجة اللغة الثانية. يُحسّن ثنائي واللغة مهاراتهم من خلال تجربة اللغة الثانية بشكل أكبر، ويتجاوزون حدودهم بناءً على معلومات اللغة الأولى، ويُجرون عمليات لغوية بناءً على معلومات وبيانات اللغة الثانية.

**الكلمات المفتاحية:** ثنائي اللغة، المعجم الذهني، انتخاب و الوصول المعجمي.

# بەپرۆسەدابردنی زمان لە فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانەدا

**د.باخان سرحد عبدالرحمن، (مامۆستا)، بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان**

**د.تانیا اسماعیل حمەامین، (مامۆستا)، بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە**

**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەوە لە بواری زانستی زمانی دەروونیدایە، هەوڵێکە بۆ ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی بوارە تیۆرییە سەرەکییەکانی بەپرۆسەدابردنی دوو زمان لە ئاوەزداری جووتزمانەدا، بەپرۆسەدابردنی زمان لە فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانەدا بەراورد بە تاکزمانەکان ئاڵۆزترە، شێوازی هەڵگرتن، ڕێکخستن و بەدەستهێنانەوە و دەستپێداگەیشتنی نواندنە فەرهەنگییەکانی هەردوو زمانەکە و بەکارهێنانیان لە پرۆسە سایکۆ-زمانییەکان جیاوازە. لە فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانەدا وشەکانی هەردوو زمانەکە و زانیارییە پەیوەندیدارەکانیان هەڵگیراوە، جیابوونەوەی نێوان نواندنە فەرهەنگییەکانی هەردوو زمانەکە ڕەها نییە، دەکرێت تێکچڕژان لە نێوان نواندنە فەرهەنگییەکانی

[1]قسم اللغة الكردية، كلية التربية، جامعة گرميان

[2]قسم اللغة الكردية، كلية التربية شهرزور، جامعة حلبج

هەردوو زمانەکەدا ڕوودات، هەربۆیە لەم لێکۆڵینەوەدا پشتبەست بە تیۆر و مۆدێلەکانی پەیوەست بە فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانە هەوڵی ڕاڤەکردنی چۆنیەتیی نواندنی دوو زمان لە ئاوەزداری جووتزمانەدا دەدرێت، تا تێگەیشتنێکی باشتر لە سروشت و چۆنیەتی کارکردنی فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانە لە بەپرۆسەدابردنی هەردوو زمانەکە بەدەستبێت، هەروەها چۆنیەتی و چەندێتیی نێوەندگیریی زمانی یەکەم لە بەپرۆسەدابردنی زمانی دووەمدا لەسەر بنەمای ئاستی کۆزانیاریی و لێهاتوویی جووتزمانە لە زمانی دووەمدا شرۆڤەکراوە، ئەو ئاخێوەرانەی، کە لە فێربوونی زمانی دووەمدا لە قۆناغی سەرەتایدان، پشت بە زانیارییەکانی زمانی یەکەم بۆ پڕکردنەوەی کەلێنە زمانییەکان لە بەپرۆسەدابرنی زمانی دووەم دەبەستن، جووتزمانە بە ئەزموونکردنی زیاتری زمانی دووەم توانا و توانستیان زیاددەکات و پشتبەستن بە زانیارییەکانی زمانی یەکەم تێدەپەڕێنن، لەسەر بنەمای زانیاریی و داتاکانی زمانی دووەم پرۆسە زمانییەکان بەجێدەهێنێت.

وشە کلیلییەکان: جووتزمانە، فەرهەنگی ئاوەزی، هەڵاوێرکردن و دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگی.

## ٠) پێشەکی

### ١/٠) ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوە بە ناونیشانی (**بەپرۆسەدابردنی زمان لە فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانەدا) لە ڕوانگەی زانستی زمانی دەروونی**)دا، هەوڵێکە بۆ شیکارکردنی سروشت و چۆنیەتیی کارکردنی فەرهەنگی ئاوەزیی جوتزمانە لە بەڕێوەبردنی هەردوو زمانەکە.

### ٢/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەدا، پەیڕەوی لە ڕێبازی (پەسنیی- بەراوردکاریی) کراوە.

### ٣/٠) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە جگە لە پوختە بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی هەروەها پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە دوو بەش پێکدێت. بەشەکانیش کراون بە چەند پارێکەوە:

١)جووتزمانی و لێکەوتەکانی لەسەر تاکی جووتزمانە

٢) بەپرۆسەدابردنی زمان لە فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانەدا

## ١) جووتزمانی و لێکەوتەکانی لەسەر تاکی جووتزمانە

جووتزمانی دیاردەیەکی جیهانییە، لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەدیدەکرێت، وەک ڕێگەیەک بۆ پێکەوەژیان و خۆگونجاندن لەگەڵ گروپە زمانییە جیاوازەکان، بە هۆکارێکی کاریگەر بۆ فێربوون و بەدەستخستنی زانیاریی دادەنرێت. لەسەر بنەمای ئامارە بەدەستهاتووەکان زۆربەی دانیشتووانی جیهان جووتزمانەن، لە بەشێک لە ئامارەکاندا بە ٥٠٪ی دانیشتووانی جیهان شرۆڤەکراوە، لە لێکۆڵینەوە نوێیەکاندا ڕێژەی جووتزمانی لەبرەودایە و بۆ ٧٠٪ بەرزدەبێتەوە (کولز، ١٣٩٧: ١٤٣). لێکەوتەکانی

جووتزمانی لەسەر تاکی جووتزمانە پرسێکی فراوان و ئاڵۆزە، کە کاریگەریی فرەڕەهەند لەخۆدەگرێت، لێکەوتە ئەرێنییەکانی وەکو درکپێکردن، کۆمەڵایەتی، کلتوری، پەروەردەیی و ئابوری بەرچاون، دەکرێت لێکەوتەی نەرێنی هەبێت، لە ڕێگەی ئاگایی لەم ئاریشانە و بەکارهێنانی شێوازی دروست بۆ فێربوونی زمانی دووەم دەتوانرێت پێشگیری لە لێکەوتە نەرێنییەکان بکرێت.

**١/١) چەمکی جووتزمانە**

جووتزمانی ئەو بارودۆخەیە، کە تاک توانای پەیوەندیکردنی بە دوو زمان هەیە، لە ئێستادا جووتزمانی پانتاییەکی جیهانی هەیە، ئەم گەشەسەندنە بە هۆکارەکانی وەکو، جیهانگیری، سیاسی، کرانەوەی کلتوری، سیاسەتی پەروەردەی، کۆچکردن، ئابوری، ڕاگەیاندن و تەکنەلۆجیا پەیوەستە، لە بەشێک لە وڵاتانیشدا هەبوونی نەتەوەی جیاواز، هۆکارێکی گرنگی دیکەیە بۆ زانینی زیاتر لە زمانێک، کە یەکێک لە زمانەکان وەکو زمانی فەرمی یان هاوبەش پەسەندکراوە، ئەگەر زمانی زگماکی تاک لەگەڵ زمانی فەرمی جودابێت، تاک لە ژینگەی خێزان و ژینگەی دەرەوە زمانی جیا بەکاردەهێنێت. ئەو ئاخێوەرانەی، کە دوو زمان بە پێڕەوبەندانە دەزانن و بەکاریدەهێنن بە (جووتزمانە) ناودەبرێن.

لە پێناسەکردنی جووتزمانەدا پێوەری جۆراوجۆر وەکو، تەمەنی فێربوون، توانای پەیوەندیکردن، ڕێژەی بەکارهێنان، ئاستی لێهاتوویی و کارامەیی یەکسان و زمانپاراوی لەبەرچاوگیراوە، هەربۆیە خستنەڕووی پێناسەکی ورد بۆ ئەم چەمکە کارێکی دژوارە. Bloomfield (1933:56) پێیوایە، جووتزمانە ئەو کەسەیە هاوشێوەی قسەپێکەرانی زمانی زگماکی شارەزایی و لێهاتوویی لە زمانی دووەمدا هەیە. Malmberg (1972) تەنها جووتزمانە سروشتییەکان (هاوکاتەکان) بە جووتزمانە هەژماردەکات و پێیوایە، جووتزمانە تاکێکە جگە لە زمانی یەکەم، هەر لە منداڵییەوە فێری زمانی دووەم بووە (اللەکرمی و همکارانش، ١٣٩٧: ٤٨).

Bloomfield و Malmberg لێهاتوویی و توانای بەکارهێنانی یەکسان لەگەڵ قسەپێکەرانی زمانی زگماکی بە پێوەری جووتزمانی دادەنێت. ئەم پێوەرە سنووردارە و پێوەرێکی گونجاو نییە، دیاردەیەکی دەگمەنە، کە تاک دوو زمان بە شێوەی یەکسان و لێهاتووییانە هاوشێوەی ئاخێوەرانی زگماکی بەکاربهێنن، شارەزایی و لێهاتوویی جووتزمانە بۆ هەردوو زمانەکە ڕێژەییە و پشت بە گۆڕاوەکانی (باکگراوندی تاک، باکگراوندی کۆمەڵایەتی و ڕادەی کارلێککردنی تاک لە قسەپێکەرانی هەردوو زمانەکە) دەبەستێت، ئەم توانایە بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێت، بەجۆرێک دەکرێت زمانی یەکەمی لاوازببێت و زمانی دووەم ببێتە جێگرەوەی. زۆربەی جووتزمانەکان شارەزاییان لە

هەردوو زمانەکەدا بە پلەی جیاوازە، بۆ نموونە، دەکرێت ڕێژەی وشەکانی پەیوەست بە زمانێکی دیاریکراو لە فەرهەنگی ئاوەزیدا بەراورد بە وشەکانی زمانەکەی دیکە بەرزتربێت، یاخود جووتزمانەکان لە ڕووی زمانپاراوی لە هەردوو زمانەکەدا یەکسان نین، زمانێکیان پاراوتر لە زمانەکەی دیکە بەکاردەهێنێت، یەکێکیان دەستێوەردان لە زمانەکەی دیکە دەکات و ئەکسێنتەکەی بەسەر ئەویتردا دەسەپێنێت، ئەم بارودۆخە دەکرێت لە سەرچەشنی جووتزمانیدا، کە لە لەدایکبوونییەوە بەرکەوتەی لەگەڵ هەردوو زمانەکەدا هەیە، بەدیدەکرێت.

لە ڕابردوودا زۆرێک لە پێناسەکان بەشێوەیەک بووە، کە جووتزمانەی لە لێهاتوویی یەکسان لە دوو زماندا سنوورداربکەن، پێناسەکانی دواتر ڕێگەیان بە پلەی جیاوازی لێهاتووی داوە. زۆربەی تیۆرزانەکانی هاوچەرخ لە پنتێکدا یەکدەگرنەوە، کە شارەزایی لە لێهاتووییەکانی زمان (خوێندنەوە، نووسین، قسەکردن و گوێگرتن) بە پێوەری سەرەکیی جووتزمانە دادەنێن، نەبوونی شارەزایی لە هەریەک لەم لێهاتووییانە بە جووتزمانە هەژمارناکرێت (استاینبرگ، ١٤٠٠: ٢٧٤). بە تێڕوانینی Weinreich (1979: 73) جووتزمانە ئەو کەسەیە، کە دەتوانێت هەردوو زمانەکەی لەدواییەک لەبری یەکتر بەکاربهێنێت، بەپێی دەوروبەری گونجاو لە دۆخی ئاخاوتندا. ئەم تێڕوانینە پێوەرێکی سنووورداری بۆ جووتزمانە دانەناوە و ئاستی لێهاتوویی پێویست لە هەر زمانێکدا دیاریناکات، لەسەر بنەمای ئەم پێناسەیە فێرخوازانی سەرەتایی بە جووتزمانە دادەنرێن. یاخود دەتوانرێت بوترێت جووتزمانە ئەو ئاخێوەرەیە، کە توانایی بەکارهێنانی دوو زمانی بە شێوەیەکی شارەزاییانە و کارامەییانە هەیە.

**٢/١) چەشنەکانی جووتزمانە**

بۆ باشتر شرۆڤەکردنی چەمکی جووتزمانە تیشکدەخرێتەسەر چەشنەکانی جووتزمانە، هەوڵدەدرێت لە ڕوانگەی چەشنەکانی زیاتر ئەم دیاردەیە ڕاڤەبکرێت. جووتزمانە چەشنی جیاواز لەخۆدەگرێت، ئەمەش لەسەر بنەمای پێوەرە جۆراوجۆرەکانی (ئاستی لێهاتوویی، تەمەنی بەدەستهێنانی، چوارچێوەی وەرگرتنی زمانەکان و کاریگەرێتی لەسەر پرۆسە ئاوەزییەکان) پۆلدەکرێن.

جووتزمانەکان لە ڕوانگەی ئەندازەیی شارەزایی و لێهاتوویی بۆ جووتزمانەی هاوئاست (هاوتەراز)، جووتزمانەی باڵادەست و جووتزمانەی ناچالاک پۆلدەکرێن. جووتزمانەی هاوئاست ئەو کەسەیە، کە توانای لە هەردوو زمانەکەدا بە ئاستی باڵا گەیشتووە (حسین زاده و همکارانش، ١٤٠١: ٣٤٥) بە شێوەیەکی یەکسان شارەزا و لێهاتووە. جووتزمانەی باڵادەست ئەو ئاخێوەرەیە، کە لە یەکێک لە زمانەکاندا زیاتر لێهاتوو و کارامەیە (واعظمی

و همکارانش، ۱۳۹۱: ۱۲۱). دەکرێت زمانی باڵادەست زمانی یەکەم نەبێت، زمانی دووەم ئەو زمانە بێت، کە زۆرترین بەکارهێنانی هەبێت و زاڵبێت بەسەر زمانی یەکەمدا، بەتایبەت ئەو منداڵانەی لە تەمەنێکی کەمدا بۆ ژینگەیەکی زمانی نوێ کۆچدەکەن و فێری زمانێکی نوێ دەبن. لە جووتزمانەی ناچالاکدا ئاخێوەر زمانی یەکەمی بەهۆی پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەرگرتووە، زمانی دووەمیش پەیپێدەبات و لێیتێدەگات، بەڵام توانای بەرهەمێنانی نییە (حسین زاده و همکارانش، ۱٤۰۱: ۳٤٥)، بەشێک لە شرۆڤەکاران ئەم چەشنە بە جووتزمانە هەژمارناکەن، کە تاک توانای بەرهەمهێنانی زمانی دووەمی نییە.

بە پشتبەستن بە تەمەنی بەدەستهێنانی زمانی دووەم جووتزمانە بۆ (جووتزمانەی پێشوەخت و جووتزمانەی درەنگوەخت) دەستەدەکرێن. جووتزمانەی پێشوەخت فێربوونی زمانی دووەم لە تەمەنی منداڵیدا لەخۆدەگرێت، کە مێشکی مرۆڤ لەم تەمەنەدا لەوپەڕی ئامادەیدایە بۆ وەرگرتن و فێربوونی زمان، دەتوانرێت بۆ فێربوونی زمان لە قۆناغی منداڵیدا سێ قۆناغ دیاریبکرێت: قۆناغی یەکەم، لە لەدایکبوونەوە تا سێ ساڵ، زمانی یەکەم و زمانی دووەم هاوکات وەردەگرن، منداڵانی ئەم قۆناغە تا دوو ساڵی ڕێژەیەکی فراوان لە وشە تێدەگەن، لە سێ ساڵیدا دەتوانن سینتاکس و یاسا زمانییەکان و وشەی فراوان لە دەوروبەر وەربگرن (محمد زاده، ۱٤۰۰: ۷). وەرگرتنی زمان لەم قۆناغەدا بە جووتزمانەی هاوکات ناودەبرێت، کە منداڵ بە شێوازی هاوکات بەرکەوتنی بە زیاتر لە زمانێک دەبێت، لە یەک کاتدا زیاتر لە یەک زمان وەردەگرێت (استاینبرگ،۱٤۰۰: ۲۸۳). ئەمەش لە بارودۆخێکدا ڕوودەدات، کە لە ژینگەی خێزاندا دایک و باوک دوو زمانی جودا بەکاردەهێنن، ئەم ژینگە ڕێخۆشکەرە، تا منداڵ لە یەک کاتدا دوو زمان وەربگرێت.

قۆناغی دووەم، لە نێوان سێ تا حەوت ساڵیدایە. قۆناغی سێیەم، دە تا سیانزدە ساڵی لەخۆدەگرێت (محمد زاده،۱٤۰۰: ۷). ئەم دوو قۆناغەی فێربوون زیاتر پەیوەستە بەو منداڵانەی، کە لە ژینگەی خێزانییان یەک زمان بەکاردێنن، زمانی دووەم لە ژینگەی دەرەوەی خێزان فێردەبن، زمانی دووەم دوای وەرگرتنی زمانی یەکەم دەستپێدەکات، بەمەبەستی زیاتر پەیوەندیکردن بە جیهانی دەرەوە (منصوریان و محمد، ۱۳۹٤: ۸۲۳). فێربوونی زمانی دووەم لەم قۆناغەدا بە جووتزمانەی زنجیرەیی ناودەبرێت، کە فێربوونی زمانی دووەم دوای وەرگرتنی زمانی یەکەم دەبێت. جووتزمانەی درەنگوەخت لە تەمەنی هەرزەکاری یان پاش تەمەنی هەرزەکاری ڕوودەدات، ئەم چەشنە بەشێکە لە جووتزمانەی زنجیرەیی (حسین زاده و همکارانش، ۱٤۰۱: ۳٤٥).

جووتزمانەکان لەسەر بنەمای کاریگەرێتی لەسەر پرۆسە ئاوەزییەکان بۆ جووتزمانەی بەرزبوونەوە و جووتزمانەی نزمبوونەوە پۆلدەکرێن. Lambert ئەم دوو چەشنەی جووتزمانە دیاریدەکات، جووتزمانەی زیادبوون ئاماژەیە بۆ پشتگیریکردن و گەشەکردنی هەردوو زمانەکە بە شێوەی هاوتەریب. جووتزمانەی نزمبوونەوە ئەو کەسەیە پلە بە پلە زانیارییەکانی زمانی یەکەم لەدەستدەدات، بەهۆی زیادبوونی شارەزایی لە زمانی دووەمدا (واعظمی و همکارانش، ١٣٩١: ١٢٥-١٢٦). جووتزمانەی زیادکردن کاریگەریی ئەرێنی لەسەر کردە ئاوەزییەکان دەبێت، لە ڕێگەی فێربوونی زمانی نوێوە زانیاریی نوێ بۆ لێهاتوویی و ئەزموونەکانیان زیاددەکەن و هەردوو زمانەکە دەبنە تەواوکەری یەکتر، بەپێچەوانەوە لە جووتزمانەی کەمکردن کێبڕکێ لەگەڵ یەکتر دەکەن، دەکرێت زمانە نوێیەکە ببێتە شوێنگرەوەی زمانی یەکەم، لە کاتێکدا زمانی دووەم زمانی باڵادەست و زمانی یەکەم زمانی ژێردەست دەبێت.

**٣/١) لێکەوتە ئەرێنی و نەرێنییەکانی جووتزمانی لەسەر تاکی جووتزمانە**

جووتزمانی کاریگەری لەسەر گەشەی زمانی، گەشەی توانا درکپێکردنەکان، ئامانجە پەروەردەییەکان وپێکهاتەی ئاوەزیی تاک هەیە، ئەم کاریگەرییانە دەکرێت ئەرێنی، یاخود نەرێنی بن.

لە لێکۆڵینەوەکانی پێش ناوەڕاستی سەدەی بیستەم جووتزمانی تەنها لەو ڕووەوە وەکو دیاردەیەکی ئەرێنی لێیدەڕوانرا، کە ئاستی پەیوەندیکردن لەگەڵ گەلان و نەتەوە جیاوازەکان بەرزدەکاتەوە، زیاتر سەرنجیان لەسەر ئاریشەکانی جووتزمانی بووە و پێیانوابووە، جووتزمانی گەشەکردنی زمانی و توانا درکپێکرنەکانی تاک دەوەستێنێت، لاوازی زمانی و دەستێوەردانی زمانی دێنێتەئاراوە. ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی جووتزمانی دەکرا، زیاتر لەگەڵ جووتزمانەی پێشوەختە هاوڕانەبوون، نەک تێکڕایی جووتزمانەکان، نیگەرانی سەرەکی ئەوەبوو، کە منداڵ لە قۆناغی سەرەتایی تەمەنیدا هاوکات لە فێربوونی دوو زمان بەشداربێت، ئەگەری بەباشی گەشەنەکردنی زمانی یەکەم و دووەم زۆرە، تاک توانا و توانستی تەواوی لە بەکارهێنانی هەردوو زمانەکەدا نەبێت، بەباشی فێرنەبوونی زمانەکان ئەگەری ڕوودانی دەستێوەردانی زمانی و هەڵەی زمانی زیاتردەکات. Dwaly & Burt (1972) لێکۆڵینەوەیەکیان لەبارەی هەڵەی زمانی لەسەر منداڵانی تاکزمانە و جووتزمانە کردووە، هەڵەکانی منداڵانی جووتزمانە لەگەڵ هەڵەکانی منداڵانی تاکزمانە لە کاتی فێربوونی زمانی یەکەمدا بەراوردکرد، ئاماژەیان بە لێکەوتە نەرێنییەکان لە منداڵانی جووتزمانە کردووە و جەختیان لەوە کردەوە، کە زۆرێک لە هەڵەکانی جووتزمانەکان لە ئەنجامی ستراتیجییە ئاوەزییەکان لە بەپرۆسەدابردنی زمانی دووەم سەرچاوەیگرتووە، نەک کاریگەریی زمانی دایک.

له لێکۆڵینەوەکانی دواتردا تیۆروانینەکان لەسەر جووتزمانی بەرەو ئاراستەی ئەرێنی هەنگاوینا و جووتزمانی بە دیاردەیەکی ئەرێنی دادەنێین، پێیانوایە کاریگەریی ئەرێنی لەسەر  بیرکردنەوە و توانای درکپێکردنی منداڵان هەیە، فێربوونی زمانی دووەم لە تەمەنێکی کەمدا توانای مێشک بۆ کارکردن لە بوارە درکپێکردنەکان زیاددەکات، مێشکی منداڵانی جووتزمانە بەراورد بە منداڵانی تاکزمانە بۆ شیکارکردنی ڕاهێنانە ڕێزمانییەکان، پۆلکردنی وشەکان، کۆکردنەوە و لێدەرکردن پێویستیان بە چالاکی کەمتر هەیە، واتە تا لە تەمەنی کەمتردا فێربوونی زمانی دووەم دەستپێبکەن، مێشک بۆ چالاکییە ئاوەزیی و درکپێکردنەکان ئامادەیی زیاتری هەیە (منصوریان  و محمد، ١٣٩٤: ٨٢٨-٨٢٩). Goksan و هاوکارانی (2020) لە لێکۆڵینەوەیەکیاندا لەبارەی کاریگەرێتیی جووتزمانی لەسەر پێکهاتە و کارکردنی مێشکی منداڵان، کە لە تاقیکرنەوەکەیاندا شێوازی وێنەگرتنی زرنگەیی موگناتیسییان بەکارهێناوە، دەریانخستووە، کە جووتزمانی لە منداڵاندا هۆکارە بۆ باشترکردنی سەرنجدان، زیاتربوونی لێهاتووییەکانی کۆنترۆڵکردنی بەڕێوەبردنی مێشک و زیادبوونی پەیوەندیی ناوچە جیاوازەکانی مێشک، کە دەکرێت ببنەهۆی باشتربوونی بەپرۆسەدابردنی زانیاریی، زیاتر خۆگونجێنی ئاوەزی لە بەپرۆسەدابردنی زمانەکان و بەخێرایی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بگوازێتەوە. Bialystok (2001) لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامدا و دەریخست، کە جووتزمانی کاریگەری لەسەر گەشەکردنی درکپێکردن، بەتایبەت ئەرکی جێبەجێکردن لە منداڵانی جووتزمانە هەیە، کارامەییەکانی ئەرکی جێبەجێکردن لە منداڵانی جووتزمانەدا بەراورد بە تاکزمانە لە تەمەنێکی کەمتردا گەشەدەکەن، ئەم گەشەکردنەش بەهۆی پێویستی بەردەوامیان بە بەڕێوەبردنی دوو پێرەوی زمان، چاودێریکردن، ڕێگریکردن و گۆڕینی بەردەوامی نێوان زمانەکان.

بەشێوەیەکی گشتی لێکۆڵینەوە نوێیەکان پێیانوایە، جووتزمانی کاریگەریی ئەرێنی لەسەر پێکهاتە و کارکردنی مێشک ، باشتربوونی توانای درکپێکردن، گەشەکردنی کارامەییەکانی ئەرکی جێبەجێکردن و زیادبوونی توانای بەپرۆسەدابردنی زمان لە منداڵانی جووتزمانەدا دەبێت، ئەگەر منداڵ لە ژینگەیەکی پشتیوانی و بە شێوازێکی دروست زمانی دووەم فێرببێت، هەردوو زمانەکە پشتیگیریبکرێت، بە فێربوونی زمانی دووەم زانیاریی نوێ بۆ ئەزموونەکانیان زیاددەبێت، جووتزمانی بایەخی زمانی و نازمانی بۆ منداڵ دەبێت، بەپێچەوانەوە، فێربوونی زمانی دووەم ببێتەهۆی لەدەستدانی زانیارییەکانی زمانی یەکەم و لاوازبوونی، کاریگەریی نەرێنی لەسەر کردە ئاوەزییەکان بەپرۆسەدابردنی زمانی یەکەم دەبێت.

**٤/١) نێوەندگیریی زمانی یەکەم لە بەپرۆسەدابردنی زمانی دووەم**

کاریگەریی زمانی یەکەم لەسەر بەپرۆسەدابردنی زمانی دووەم لە لێکۆڵینەوە سایکۆ-زمانییەکاندا دووپاتکراوەتەوە، چۆنیەتی و چەندێتیی ئەم کاریگەرییانە لەسەر بنەمای ئاستی زانیاریی و لێهاتوویی جووتزمانە لە زمانی دووەمدا شرۆڤەکراوە. تاکی جووتزمانە لە وەرگرتنی زمانی یەکەم و دووەمدا پەیڕەوی یەک شێواز ناکەن، بەڵام فێرخوازان لە پرۆسەی وەرگرتنی زمانی دووەمدا سوود لە زانیارییەکانی زمانی یەکەم وەردەگرن، لێکچوونی نێوانیان وا دەکات، فێرخواز لە خاڵی یەکەمەوە دەستپێنەکات، بەتایبەت لێکچوون لە نێوان زمانی یەکەم و دووەمدا زۆربێت. بەشێک لە زمانەکان لێکچوون لە نێوانیاندا زۆرە، بەشێکی دیکەیان کەمتر لێکدەچن، لێکچوون لە ئاستە زمانییە جیاوازەکاندا دەردەکەون، بۆ نموونە، بۆ کورد زمانێک فێربوونی زمانی فارسی بەراورد بە فێربوونی زمانی ژاپۆنی ئاسانترە بەهۆی ڕێژەی لێکچوونی نێوانیان، لە نێوان زمانی کوردی و فارسی ڕێژەیەکی زۆری لێکچوونێک لە ڕووی فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، سینتاکس، سیمانتیک و پراگماتیک بەدیدەکرێت، ئەمەش ئاسانکاری زیاتر بۆ فێربوونی زمانی فارسی دەکات.

سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی زانیارییەکانی زمانی یەکەم لە لایەن فێرخوازان، بە مەبەستی بنیاتنانی پەیکەرێک لە زانیاریی نوێ بۆ زمانی دووەم بە گواستنەوەی فەرهەنگی ناودەبرێت. گواستنەوەی فەرهەنگی دیاردەیەکە، کە تێیدا زانیارییە زمانییەکانی زمانی یەکەمی تاک کاریگەری لەسەر توانای ناسینەوە، لێکدانەوە، هەڵگرتن و بەرهەمهێنانی زمانی دووەم هەیە، گواستنەوەی فەرهەنگی چ لێکسیم بێت، یاخود لێما لە بەکارهێنانی زمانی دووەمی جووتزمانەکاندا بەدیدەکرێت (Jarvis, 2009: 100-102).

لە ستراتیجی فێربوونی زماندا فێرکەرەکان گرنگی بەوە دەدەن، لە هەنگاوی ئاسانەوە دەست بە جێبەجێکردنی فێرکردنی زمان بدەن، تا فێرخوازان لەسەر پرۆسەی فێربوونەکە بەردەمبن، قۆناغ بە قۆناغ پەرەیپێبدات (کریم، ئاسۆ عبدالرحمن و حاجی فەرەج، شاخەوان جەلال، ٢٠٢٢: ٣٤٢). Jiang (2000: 50-52) مۆدێلێکی سێ قۆناغی بۆ گەشەسەندنی زانیاریی فەرهەنگی لە زمانی دووەم پێشنیارکرد، بە مەبەستی ڕاڤەکردنی چۆنیەتیی پەرەپێدانی نواندنی ئاوەزیی وشەکانی زمانی دووەم و بنیاتنانی زانیارییەکانی پەیوەست بە وشەکانی زمانی دووەم لە لایەن جووتزمانەوە، قۆناغەکان بریتین لە: قۆناغی فۆرم، قۆناغی نێوەندگیریی لێماکانی زمانی یەکەم و قۆناغی پەیوەستبوون بە زمانی دووەم (The second language integration stage). لە قۆناغی فۆرمدا سەرنجی فێرخواز لەسەر سیما فۆرمییەکانی وشەیە وەکو بێژەکردن و ڕێنووس، زانیارییەکی کەمی سیمانتیک، سینتاکس و مۆرفۆلۆجی لە دەروازەی

فەرهەنگیدا لە پرۆسەی فێربوونەکەدا جێگیردەبێت. لە قۆناغی نێوەندگیری لێماکانی زمانی یەکەمدا لەبری ئەوەی زانیاریی نوێی لێما دروستبکەن، زانیارییە لێماییەکان لە زمانی یەکەمیان وەردەگرن و بەکارهێنانی یەکە فەرهەنگییەکانی زمانی دووەم لە لایەن لێما هاوتاکانیان لە زمانی یەکەم نێوەندگیریدەکرێن. لەم قۆناغەدا یەکە فەرهەنگییەکانی زمانی دووەم بە شێوەیەکی لاواز بە نواندنە چەمکییەکانیانەوە پەیوەستن، وشەکانی زمانی دووەم لە ڕێگەی پەیوەندیی فەرهەنگی لەگەڵ هاوتا وەرگێڕانەکانیان لە زمانی یەکەم بەستراوەتەوە بە نواندنە چەمکییەکانیان.

تێڕوانینی مۆدێلی پەیوەندی وشە، کە پێشنیاردەکات، لە ڕێگەی وشەکانی زمانی یەکەم دەستپێداگەیشتن بۆ وشەکانی زمانی دووەم ڕوودەدات، نەک لە ڕێگەی چەمکە هاوبەشەکانیان (Ying, 2017: 25) بۆ ئەم قۆناغی فێربوونە شیاوە، کە فێرخوازان شارەزایی و لێهاتوویی تەواویان نییە و پشت بە لێماکانی زمانی یەکەم بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکانی زانیارییان لە زمانی دووەم دەبەستن، ئەم پشتبەستنە بە ستراتیجی فێربوون دادەنرێت. نێوەندگیری لێماکانی زمانی یەکەم دەکرێت کاریگەریی ئەرێنی هەبێت، فێرخواز بە پشتبەستن بە شارەزایی و زانیارییەکانی زمانی یەکەم پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەم ساناتر و خێراتر دەکات، زانیارییەکانی زمانی یەکەم دەتوانێت یارمەتیدەربێت، تا فێرخواز توانای پەیوەندیکردنی هەبێت، لەوبارودۆخانەی پەیوەندیکردن، کە فێرخواز توانست و توانای پێویستی بۆ بەردەوامبوونی پەیوەندیکرن بە زمانی دووەم نییە، بۆ نموونە کوردزمانێک لەم قۆناغەدا لە کاتی فێربوونی وشەیەکی نوێ (picture) لە زمانی ئینگلیزیدا پشت بە نێوەندگیری زمانی یەکەم دەبەستێت بۆ تێگەیشتن لە کۆزانیارییە پەیوەندیدارەکانی ئەو وشەیە، ئەم جووتە هاوتا وەرگێڕانە (وێنە) و (picture) لە هەردوو زمانەکەدا سەربە کاتەگۆری ناون، پەیڕەوی چەمکێکی هاوبەش دەکەن، گواستنەوەی زانیارییەکانی زمانی یەکەم، کە لەگەڵ زمانی دووەم لێکدەچن، بە گواستنەوەی ئەرێنی دادەنرێت.

پشتبەستن بە زانیارییەکانی زمانی یەکەم لە بەپرۆسەدابرنی زمانی دووەم دەکرێت لێکەوتەی نەرێنی هەبێت، دەستێوەردانی زمانی بێتەئاراوە و فێرخواز بەرەو هەڵەی زمانی ببات، هەڵەکان بەهۆی دەستێوەردانی زمانی یەکەم و جێبەجێکردنی ستراتیجییەکانی زمانی یەکەم لە بەکارهێنانی زمانی دووەم سەرچاوەدەگرێت، بە تایبەت لەو فێرخوازانەی ئاستی کۆزانیارییان لە زمانی دووەمدا کەمە (کریستال ، ١٣٩٣: ٢٢٨)، بۆ نموونە، ڕیزبوونی دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا هاوشێوەنین، پەیڕەوکردنی هەمان ڕیزبەندیی زمانی کوردی بۆ زمانی ئینگلیزی هەڵەی

زمانی دێنێتەئاراوە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بۆ دەرخستنی نێوەندگیری زمانی یەکەم و لێکەوتە ئەرێنی و نەرێنییەکانی سەرنجدەخەینەسەر ئەم نموونانە:

١/ ا- کچەکە هۆنراوەکەی خوێندەوە.

The girl read the poem.

ب- کچێک هۆنراوەکەی خوێندەوە.

A girl read the poem.

٢/ ا- هێڤا دەڕوات بۆ قوتابخانە.

Heva goes to school.

ب- هێڤا کتێبەکەی لە کتێبخانە وەرگرت.

Heva got the book from library.

٣/ا- منداڵە جوانەکە هات.

The beautiful child came.

ب- کچەکە کتێبێکی باشی خوێندەوە.

The girl read a good book.

لە نموونەی یەکەمدا (ا) و (ب) دەبینین، مۆرفێمی ناسراوی و نەناسراوی لە هەردوو زمانەکەدا هەیە، زانیارییەکانی زمانی کوردی یارمەتیدەردەبێت، تا فێرخواز زانیاریی لەبارەی ئەرک و بەکارهێنانی ئەم مۆرفێمانە لە زمانی ئینگلیزیدا هەبێت. ئەگەر سەرنجبدەینە نموونەی دووەم (ا) و (ب) دەبینین، لە هەردوو زمانەکەدا پرێپۆزیشن بەهەمان سەرەوڕیزبوون بەدیدەکرێت و پەیڕەوی یاسای سەرسەرەتا دەکەن. لەم دوو ڕستە وردبینەوە، بەکارهێنانی کات لەگەڵ دەمکاتی کرداری ڕستەکاندا دەبینرێت، لە هەردوو زمانەکەدا کرداری کاتی ڕابردوو و ڕانەبردوو هەیە. لە نموونەی سێیەمدا (ا) و (ب) دەردەکەوێت، ئاوەڵناو لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا پەسنی ناو دەکات و دەبێتە دیارخەری ناو. هەبوونی لێکچوون لە نێوان زمانی یەکەم و دووەمی جووتزمانە یارمەتیدەرێکی باشە، تا فێرخواز لە خاڵی سەرەتاوە دەستپێنەکات و پشتبەست بە زانیارییەکانی زمانی یەکەم کەلێنەکانی زانیاریی زمانی دووەم پڕبکاتەوە، ئەمەش بە گواستنەوەیەکی ئەرێنی دادەنرێت.

٤/ا- پشیلەکە گۆشتەکەی خوارد.

The cat ate the meat.

ب- ئاڤار کتێبەکی لە ئاڤان وەرگرت.

Avar received A book from Avan.

٥/ ا- کچەکەی شنیار هات.

Shinyar’s daughter came.

ب- هەوراز خواردنی تەندروست دەخوات.

Hawraz eats healthy food.

٦/ ا- ئەو چیرۆکەکەی خوێندەوە.

She/He read the story.

ب- خاڵۆم/مامەم بینی.

I saw my uncle.

لە نموونەی چوارەمدا (ا) و (ب) ئەوە بەدیدەکرێت، بوونیادی ڕستە و ڕیزبوونی پێکهاتە سینتاکسییەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا هاوشێوەی زمانی ئینگلیزی نییە، پەیڕەوکردنی ڕیزبەندیی زمانی کوردی بۆ زمانی ئینگلیزی و دەربڕینی بەرکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە پێش کرداری ڕستەکە هەڵەی زمانی دروستدەکات، هەروەها مۆرفێمی ناسراوی و نە ناسراوی لە ڕستەی (ا) و (ب)دا هەیە، کە ڕیزبەندییەکەی لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا هاوشێوە نییە. لە نموونەی پێنجەمدا (ا) و (ب) دەردەکەوێت، ڕیزبوونی پێکهاتەکانی فرێز لە هەردوو زمانەکەدا جیاوازە، هەرزمانێک پەیڕەوی ڕێسای سەرەوڕیزبوونی تایبەت بە خۆی دەکات، وەک لە ڕستەکانی (ا) و (ب)دا دەبینرێت، زمانی کوردی لە فرێزی ناوی و فرێزی ئاوەڵناوی ڕێسای سەرکۆتا جێبەجێدەکات، بەپێچەوانەوە لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ هەردوو چەشنی فرێز ڕێسای سەرسەرەتا پەیڕەودەکرێت. هەربۆیە ناکرێت هەمان ڕێسای زمانی کوردی بگواسترێتەوە بۆ زمانی ئینگلیزی. ئەگەر لە نموونەی شەشەم وردبینەوە، ئەوە دەردەکەوێت، مەرج نییە جووتە وشە وەرگێڕانەکان پەیڕەوی چەمکێکی هاوبەش بکەن و تێکڕایی سیما سیمانتیکییەکانیان هاوبەش بێت. لە ڕستەی (ا)دا وشەی (ئەو) چەمکەکەی فراوانترە، لە زمانی کوردیدا بۆ نێر و مێ بەکاردێت، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا لە هەمبەر وشەی (ئەو) و بۆ گەیاندنی ئەم چەمکە دوو وشە (He) بۆ نێر و (She) بۆ مێ بەپێی ڕەگەزی دیاریکراو بەکاردێت. لە ڕستەی (ب)دا وشەی ئینگلیزی (uncle) چەمکەکەی فراوانترە و لە هەمبەر وشە کوردییەکانی (مام) و (خاڵ) بەکاردێت، هەربۆیە بۆ گشت بارودۆخێک ناگونجێت، بە نێوەندگیریی وشەکانی زمانی یەکەم دەستپێداگەیشتن بۆ چەمکی وشەکانی زمانی دووەم ڕوودەدات، هەروەها لەو نموونەیەدا ئەوە دەردەکەوێت، جێناوە لکاوەکان لە زمانی کوردیدا دەکەوێتە دوای دیارخراوەکەیەوە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا دەکەوێتە پێش دیارخراوەکەیەوە. لەم نموونانەدا دەردەکەوێت زمانی کوردی و ئینگلیزی هەریەکەیان بۆ ڕیزبەندیی دروستە سینتاکسییەکانی فرێز و ڕستە پەیڕەوی ڕێسای تایبەت بە خۆیان دەکەن، پرۆسەی

گواستنەوە لەم بارودۆخەدا بە نەرێنی دادەنرێت و هەڵەی زمانی لێدەکەوێتەوە، هەربۆیە فێرخواز لە قۆناغی نێوەندگیری چەمکیدا پێویستە ڕەچاوی زانیاریی هاوبەش و ناهاوبەش بکات، تا لە هەڵەی زمانی بەدووربێت، ئەویش بە ئاشنابوون و بەرکەوتنی زیاتر و زیاتربوونی ئەزموونی جووتزمانە لەگەڵ زمانەکەدا، فێرخوازان توانا و توانستیان لە زمانی دووەمدا زیاددەکات، قۆناغ بە قۆناغ هەڵە زمانییەکان کەمدەکاتەوە.

بەردەوامبوونی فێرخواز لە پشتبەستن بە نێوەندگیریی زانیارییەکانی زمانی یەکەم لە بەکارهێنانی زمانی دووەمدا، کەلێنە ئاوەزییەکانی زمانی دووەم پڕدەبێت لە هاوتاکانیان لە زمانی یەکەمدا، لەبری پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان وشەکانی زمانی دووەم و چەمکەکانیان، فێرخواز پشتبەستن بە لێماکانی زمانی یەکەم بۆ تێگەیشتن و بەبیرهێنانەوەی وشەکانی زمانی دووەم درێژەپێبدات، لێکەوتەی ئەرێنی دەبێت، پەروەردەکردنی زمانی دووەم سستدەکات و دیاردەی بەبەردبوونی وشەکانی زمانی دووەم دێنێتەئاراوە، هەروەها لە دروستکردنی پەیوەندیی بەهێز و ڕاستەوخۆی نێوان وشەکانی زمانی دووەم و چەمکەکانیان ڕێگریدەکات (Ying, 2017: 26).

فێرخواز لەگەڵ زیاتر بەرکەوتنی بە زمانی دووەم لە قۆناغی دیکەی فێربووندا، پشتبەستن بە زانیارییەکانی زمانی یەکەم تێدەپەڕێنن، بەرەو بنیاتنانی سیستەمێکی وردتر بۆ زمانی دووەم هەنگاودەنێن، ئەویش قۆناغی پەیوەستبوونە بە زمانی دووەم. لە قۆناغی پەیوەستبوون بە زمانی دووەم زانیارییەکانی لێما وەکو سیمانتیک، سینتاکس، مۆرفۆلۆجی بە زمانی دووەم پەیوەستدەبێت و لە ڕێگەی زمانی یەکەمەوە نێوەندگیری ناکرێت (Jiang, 2000: 53). بۆ تاکی جووتزمانە لەم قۆناغە پەرەسەندووەدا دوو پێڕەوی چەمکی کۆدەبنەوە و یەکدەگرنەوە، لەبری ئەوەی لە پرۆسەکانی تێگەیشتن یان بەرهەمهێنانی زمانی دووەم پشت بە زمانی یەکەم ببەسترێت ( Wei, 2020: 44)، هەردوو زمانەکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە چەمکەکانەوە دەکەن.

لە پێڕەوی پەرەسەندوودا، جووتزمانە پەیوەندیی چەمکی ڕاستەوخۆ پەرەپێدەدات، لێماکانی زمانی دووەم ڕاستەوخۆ بە چەمکە هاوبەشەکانیان پەیوەستن، نەک لە ڕێگەی لێماکانی زمانی یەکەمەوە. فێرخوازانی ئاستی پەرەسەندوو لەگەڵ باشتربوونی توانایان لە زمانی دووەم بەرەو مۆدێلی نێوەندگیری چەمکی دەڕۆن (لە بەشی دووەمدا بە وردی مۆدێلەکان ڕاڤەدەکرێت). دەتوانرێت بوترێت ڕۆڵی نێوەندگیری زمانی یەکەم لە بەپرۆسەدابردنی زمانی دووەم پەیوەستە بە ئاستی لێهاتوویی تاکی جووتزمانە لە زمانی دووەمدا، فێرخواز لە دەستپێکی فێربووندا پشت بە گواستنەوە و سوودوەرگرتن لە زانیارییە زمانییەکانی زمانی یەکەم لە بەپرۆسەدابردنی زمانی دووەم دەبەستێت. بە

گەیشتنی بە قۆناغی پێشکەوتووتر لەبری ئەوەی بۆ تێگەیشتن یان بەرهەمهێنانی زمانی دووەم پشت بە زانیارییەکانی زمانی یەکەم ببەستێت، لەسەر بنەمای زانیاریی و داتاکانی زمانی دووەم پرۆسە زمانییەکان ئەنجامدەدات.

**٢) بەپرۆسەدابردنی زمان لە فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانەدا**

لەم بەشەدا هەوڵدەدرێت، لە چوارچێوەی زانستی زمانی دەروونیدا چۆنیەتیی کارکردنی فەرهەنگی ئاوەزی لە بەپرۆسەدابردنی هەردوو زمانەکەدا ڕاڤەبکرێت و سروشتی فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانەکان لە پرۆسەکانی هەڵگرتن، ڕێکخستن، بەدەستهێنانەوە و دەستپێڕاگەیشتنی فەرهەنگی لەسەر بنەمای مۆدێل و گریمانەکانی فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانە شیکاربکرێت.

**١/٢) فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانە**

فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانە پانتاییەکی فراوانی لە لێکۆڵینەوە جووتزمانییەکان داگیرکردووە، وەرگرتنی زمان بۆ تاکزمانە و جووتزمانەکان بە چالاکییەکانی ئاوەز و مێشکەوە پەیوەستە، ئاخێوەر فەرهەنگی ئاوەزی بۆ هەڵگرتن، ڕێکخستن، ناسینەوە، دەستپێڕاگەیشتنی وشەکان، هەروەها داڕشتنی یاسا بۆ بەکارهێنانیان و پەیوەستکردنیان بە ژینگەوە بەکاردەهێنێت، هەربۆیە هەر قسەکەرێکی زمان خاوەنی فەرهەنگی ئاوەزییە، کە کۆگایەکە بۆ پەسمەندەکردنی وشەکان، بۆ هەر وشەیەکی پەسمەندەکراو نواندنێکی تایبەت بەو وشەیە لە فەرهەنگی ئاوەزیدا هەڵگیراوە، ئەم نواندنانە بە دەروازەی فەرهەنگی ناودەبرێن، کە کۆزانیارییە پەسمەندەکراوەکانی پەیوەست بە وشە زانراوەکان لەخۆدەگرێت، ئەم کۆزانیارییانەش لێکسیم و لێما دەگرێتەوە (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە عبدالرحمن، باخان سرحد، ٢٠٢٤). لەم ڕوانگەیەوە فەرهەنگی ئاوەزی تەنها لێکسیمەکان لەخۆناگرێت، دەروازە ئەبستراکتەکانیش لەخۆدەگرێت، کە پێیدەوترێت لێما. لێکسیم زانیاریی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆفۆنۆلۆجی دەگرێتەوە، لێماکان زانیارییە سیمانتیکی، سینتاکسی، مۆرفۆسینتاکسی، کۆمەڵایەتی و پراگماتیکییەکان لەخۆدەگرێت، کە بە بنچینەی بنیاتنانی قسەکەرەکان بۆ پێکهاتە ڕووکەشەکان دادەنرێت (Wei, 2002: 692-693)، بەو واتایەی لێما وەک بناغەیەک بۆ بنیاتنانی پێکهاتەی ڕووکەش کاردەکەن و ڕێنمایی قسەکەر بۆ چۆنیەتی دەربڕینی چەمکێک بە فۆڕمی ڕووکەش دەکەن.

لە فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانەدا وشەکانی هەر زمانێک (یەکەم و دووەم) لێمای تایبەت بە خۆیان هەیە، کە زانیارییە گرنگەکانی وەکو سیمانتیک، دروستەی ڕێزمانی، چۆنیەتی بەکارهێنانی وشە لەخۆدەگرێت، هەر زمانێک لێمای تایبەت بە خۆی هەیە و بۆ زمانێکی دیاریکراو مارکەیلێدراوە، مێشکی جووتزمانە دیاریدەکات، هەر دەروازەیەک

سەربە کام زمانە، ئەمەش پشتگیری لە بەرهەمهێنانی لێکسیمی گونجاو لە ئاستی ڕووکەشدا دەکات (Wei, 2020: 43). ئاماژە و دەوروبەری زمانی یارمەتیدەرن بۆ هەڵاوێرکردنی زمانێک، بۆ نموونە تاکێکی جووتزمانە بە پشتبەستن بە ئاماژەکانی (هاوبەشی گفتوگۆ، شوێن، بابەت و ......) بڕیاردەدات پشت بە وشەکانی زمانی یەکەم یان زمانی دووەم بۆ پێکهێنان و گەیاندنی پەیام و مەبەستەکەی ببەستێت.

بە بڕوای Singlton (1984) فەرهەنگی ئاوەزی بریتییە لە مۆدێلێک لە ناو یادگەی درێژخایەندا و هەڵگری گشت کۆزانیارییەکانی قسەکەرە دەربارەی وشەکانی زمانەکەی، یان ئەو زمانانەی دەیزانێت، یاخود بریتییە لە کۆکراوەیەکی نوێنراوی وشە لە هزردا، کە یارمەتی تاک دەدات بۆ زمانپژاندن و فێربوونی زمان (مەحموود، ئاڤێستا کەمال، ٢٠١٦: ٢٨-٢٩). دەتوانرێت بوترێت فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانە ئەو کۆگایەیە وشەکان و کۆزانیارییەکانی پەیوەست پێیانەوە لە هەردوو زمانەکەدا هەڵدەگرێت و لە پرۆسە سایکۆ-زمانییەکانی تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی ئاخاوتندا بەکاریاندەهێنێت. فەرهەنگی ئاوەزی لە کەسانی جووتزمانەدا زیاتر جێگەی سەرنج و شیکارکردنە، لە کەسانی جووتزمانەدا تەنها کۆزانیارییەکانی هەردوو زمانەکە ناپارێزرێت، بەڵکو دەبێت بەپێی دەوروبەری زمانییەکە زانیاریی زمانی شیاو هەڵاوێربکات و دەستپێداگەیشتنی بۆی هەبێت.

فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانە پێڕەوێکی ئاڵۆزە و لەگەڵ دوو زمان ڕەفتاردەکات، جووتزمانەکان شێوازی هەڵگرتن، ڕێکخستن، بەدەستهێنانەوە و دەستپێداگەیشتنی وشەکان و بەکارهێنانیان لە پرۆسە سایکۆ-زمانییەکاندا لە تاکزمانەکان جیاوازە، هەروەکو Grosjean (1989: 4) ئاماژەیپێکردووە، جووتزمانە بە هاوتای دوو تاکزمانە لە یەک جەستەدا هەژمارناکرێت، بەو واتایەی فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانە کۆی ئاوەزی دوو تاکزمان نییە، ئەمەش هۆکارە بۆئەوەی بوترێت، ئەو مۆدێل و تیۆرییانەی بۆ شرۆڤەکردنی بەپرۆسەدابردنی زمان لە تاکزمانەدا پێشکەشکراون، بەسەرکەوتوویی و بەوردی ناتوانن سروشتی کارلێککردنی فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانە لە بەپرۆسەدابردنی زماندا پەسنبکات، هەربۆیە مۆدێلەکانی شیکارکردنی فەرهەنگی ئاوەزیی تاکزمانە تێدەپەڕێنن، فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانە بە سروشت، پێکهاتە و داینامیکی خۆیەوە پێویستی بە تیۆر و مۆدێلی تایبەت هەیە. لە چوارچێوەی زانستی زمانی دەروونیدا چەندین مۆدێل بۆ پەرسڤدانەوەی پرسیارە وروژێنراوەکانی پەیوەست بە بەپرۆسەدابردنی زمان لە فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانەدا پێشکەشکراون،

هەریەکەیان لەسەر بنەمای تیۆرانینەکانیان گریمانە و پەرسڤیان بۆ پرسیارەکان هەبووە.

مۆدێلەکانی بەپرۆسەدابردنی زمان لە جووتزمانەدا ڕاڤەکردنەکانیان لەسەر ئەم بابەتانە چڕکردووەتەوە: چۆن ئاخێوەرانی جووتزمانە وشەکانی زمانی یەکەم و دووەم لە ئاوەزیاندا هەڵدەگرن و ڕێکدەخەن؟ ئایا جووتزمانەکان فەرهەنگی ئاوەزیی هاوبەشیان بۆ پەسمەندەکردنی وشەکان و کۆزانیارییەکانیان لە هەردوو زمانەکەدا هەیە، یان فەرهەنگی ئاوەزیی جیا بۆ هەر زمانێک، یان تێکەڵەیەک لە فەرهەنگی ئاوەزیی جیا و هاوبەش بەکاردەهێنن؟ دوو زمان چۆن پەیوەستن بەیەکترەوە، ئایا یەکە فەرهەنگییەکانی زمانە جیاوازەکان پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، وشەکانی هەر زمانێک بە هاوتاکانیان لە زمانەکەی دیکە پەیوەستن؟ ئایا وشەکانی هەردوو زمانەکە هاوئاست و هاوکات چالاکدەبن؟ ئەگەر هاوئاست و هاوکات چالاکبن، کێبڕکێی نێوان زمانەکان چۆن بەرزەفتدەکرێن، تا بتوانرێت پێشگیری لە دەستێوەردانی زمانی نائامانج بکرێت و وشەکانی زمانی ئامانج بەبێ دەستێوەردانی زمانەکەی دیکە هەڵاوێربکرێن و دەستپێداگەیشتن بۆ وشەی خوازراو لە زمانی ئامانج ڕووبدات؟ لەم لێکۆڵینەوەدا هەوڵدەدرێت، هەریەک لەم پرسیارە وروژێنراوانە شرۆڤە و شیکاربکرێن، تا تێگەیشتنی باشتر و وردتر لە سروشت و چۆنیەتیی کارکردنی فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانە لە بەپرۆسەدابردنی هەردوو زمانەکە بەدەستبێت، ئەویش بە پشکنینی مۆدێلە جیاوازەکانی فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانە.

**٢/٢) ڕێکخستنی فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانە**

ئەم بابەتە مشتومڕێکی زۆری لەسەرە، گریمانەی جیاواز لەبارەی چۆنیەتی هەڵگرتن و ڕێکخستنی وشەکانی هەردوو زمانەکە لە فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانەدا پێشکەشکراون، هەوڵدراوە چۆنیەتیی نواندنی دوو زمان لە فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانە ڕاڤەبکرێت. بەبڕوای Heredia و Brown (2006: 229) دیارترین دوو تیۆڕوانین لەبارەی نواندنی ئاوەزیی جووتزمانە، گریمانەکانی پەیوەست بە بوونی فەرهەنگی ئاوەزیی جوودا، یاخود فەرهەنگی ئاوەزیی هاوبەش بۆ هەردوو زمانەکەیە. لەسەر بنەمای گریمانەی فەرهەنگی ئاوەزیی جوودا، بۆ هەر زمانێک کۆگایەکی تایبەت بەو زمانە هەیە، کە وشەکانی زمانەکە و سیماکانی تێیدا پەسمەندەکراوە. لەسەر بنەمای گریمانەی فەرهەنگی ئاوەزیی هاوبەش، یەکەکانی هەردوو زمانەکە لە تاکە فەرهەنگێک هەڵدەگیرێن و لە پێڕەوێکی یەکپارچەدا دەنوێنرێن. بێجگە ئەم دوو گریمانەیە، گریمانەیەکی دیکە ئەوەیە، کە ئاخێوەرانی جووتزمانە تێکەڵەیەک لە فەرهەنگی ئاوەزیی

جوودا و هاوبەش بەکاردەهێنن، واتە بەشێک لە زانیارییەکانی جووتزمانە تایبەتە بە زمانێکی دیاریکراو و بۆ زمانی کۆدلێدراو سنووردارە، بەشێک لە زانیارییەکان لە هەردوو پێڕەوە زمانییەکەدا بەدیدەکرێت.

مۆدێلی کۆگای جیاواز گریمانەدەکات، کە جووتزمانەکان دوو پێڕەوی نواندنی جوودا و هەریەکەیان تایبەت بە زمانێکی دیاریکراو دەپارێزن، هەریەک لە وشەکان، کە جووتە وەرگێڕانن، نواندنی چەمکی تایبەت بە خۆیان هەیە (Dong et al, 2005: 221). بەشێک لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو پشتگیری لە بیرۆکەی کۆگای جودا کردووە بۆ نموونە (Lambert, Ignetaw & Krauthamer (1968)) ئەم لێکۆڵینەوانە شێوازەکان پرسیارنامە، بانگکردنەوە و تاقیکردنەوەی پەیوەندیی نێوان وشەکان بەکاردەهێنن، ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی ئەم شێوازانە پشتگیری مۆدێلی کۆگای جیا دەکەن.

لەسەر بنەمای مۆدێلەکانی کۆگای هاوبەش، بە پشتبەستن بە داتا ئەزموونییەکان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی، کە پەیوەندی ئاوەزی لە نێوان وشەکانی هەردوو زمانەکەدا هەیە، لە هەر ئاستێکی نواندندا وەکو ئاستی لێکسیم، لێما و چەمک بەیەکەوە پەیوەستن (Jarvis, 2009: 104).

Paradis (1987) لە گریمانەی بەشەکۆمەڵە، De Bot (1992) لە پێشنیارەکانیدا بۆ چۆنیەتیی هەڵگرتنی یەکەکانی هەردوو زمانەکە و ڕێکخستنیان لە فەرهەنگی ئاوەزیدا ئەوەیان خستەڕوو، کە یەکە فەرهەنگییەکانی زمانی یەکەم و دووەم ژێرکۆمەڵە جیاوازەکان پێکدەهێنن، ژێرکۆمەڵەکان بەپێی زمانەکان لە فەرهەنگێکی هاوبەشدا پۆلدەکرێن (Wei, 2002: 693)، بۆ نموونە لە فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانەیەکی کوردی- ئینگلیزیدا، وشەکانی کوردی ژێرکۆمەڵەیەک و وشەکانی ئینگلیزی ژێرکۆمەڵەیەکی تر پێکدەهێنن، ژێرکۆمەڵە جیاوازەکانیش لە فەرهەنگێکی هاوبەشدا هەڵگیراون.

ئەو بەڵگانەی پشتیوانی لە مۆدێلی کۆگای هاوبەش دەکەن، لە تاقیکردنەوەکانی ڕێخۆشکردنی سیمانتیکی نێوان زمانی، بڕیاردانی فەرهەنگی، ئەرکەکانی ستروپ (Stroop)، هەڵخلیسکاندنی زمان و دیاردەی لەسەر زمان ($TOT_s$) لە شیکارکردنی چۆنیەتی بەپرۆسەدابردنی زمان لای جووتزمانەکان بەدەستهاتوون، کە سنووردارییەکانی کۆگای جیا دەخەنەڕوو، ئەوە دەردەخەن، نواندنەکانی دوو زمان لە پێڕەوێکی هاوبەشدا ڕێکدەخرێن، کاریگەری نێوان زمانی پشتڕاستدەکەنەوە. لێکۆڵینەوە لە دیاردەی لەسەر زمان لە جووتزمانەکاندا بەڵگەیەکی گرنگە بۆ پشتڕاستکردنەوەی تێکچڕژان و کارلێککردنی یەکەکانی هەردوو زمانەکە، بەپێی بەڵگە ئەزموونییەکان

جووتزمانەکان بەراورد بە تاکزمانەکان ڕێژەیەکی بەرزتری دیاردەی لەسەر زمان ئەزموونەدەکەن، کە ڕەنگدانەوەی سروشتی بەیەکەوە گرێدراوی هەردوو زمانەکەیە لە فەرهەنگی ئاوەزیاندا، کاریگەری هاوتا وەرگێڕانەکان بۆ دروستبوونی دیاردەی لەسەر زمان لە گشت ئاستە جیاوازەکانی فێربوون بەدیدەکرێت (Ecke, 2009: 193).

لەسەر بنەمای ئەم گریمانەیە کارلێککردن و سەریەککەوتن لە پرۆسەکانی بەکۆدکردنی فۆنۆلۆجی و نواندنیان لە نێوان زمانەکاندا بەدیدەکرێت. Roelofs (2003: 175) لێکۆڵینەوەیەکی بە مەبەستی دەرخستنی ڕێژەی کارلێککردنی پێڕەوی فۆنۆلۆجیی نێوان دوو زمان لە ئاوەزی جووتزمانەدا ئەنجامدا، بەشداربووانی تاقیکردنەوەکانی جووتزمانەی هۆڵەندی- ئینگلیزی بوون، لە تاقیکردنەوەکانیدا ئەرکی ڕێخۆشکردنی نێوان زمانی بەکارهێنا، گرووپێک جووتە وشەیان پێشکەش بە بەشداربووان کرد، ئەو وشانە لە زمانەکانی هۆڵەندی و ئینگلیزی بوون، بەشێک لە جووتە وشەکان بڕگەی یەکەمیان یەکسان، بەشێکی دیکە لە جووتە وشەکان بڕگەی یەکەمیان جیاوازبوون، پنتی گرنگ لە تاقیکردنەوەکانیدا ئەوەیە، پەرسڤدانەوەی بەشداربووان بۆ جووتە وشەکانی هۆڵەندی و ئینگلیزی، کە بڕگەی یەکەمیان هاوبەش بوو، بەراورد بەو جووتە وشانەی بڕگەی یەکەمیان جیاوازبوو، خێراتربوو. واتە لێکچوونی بڕگەی یەکەمی جووتە وشەکانی زمانی هۆڵەندی و ئینگلیزی، کە دەبێتەهۆی خێرایی لە بەدەستهێنانەوە و دەستپێداگەیشتنیان، ئەم ئەنجامە دەریدەخات، وشەکانی زمانی یەکەم و دووەم لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە لە ڕێگەی هەمان میکانیزمی زنجیرەییەوە پلانیان بۆداڕێژراوە و نواندنی سەگمێنتە فۆنۆلۆجییەکانی زمانەکان لەگەڵ یەکتر کارلێکدەکەن.

Hermans و هاوکارانی (1998: 213) لێکۆڵینەوەیەکیان ئەنجامدا، بە مەبەستی دەرخستنی ئەوەی، ئایا وشەکانی زمانی یەکەم لە بەپرۆسەدابردنی زمانی دووەم دەستێوەردانەدەکەن یاخود نەخێر؟ بەشداربووانی تاقیکردنەوەکە جووتزمانەی هۆڵەندی- ئینگلیزی بوون، لە تاقیکردنەوەکاندا ئەرکی ستروپ بەکارهێنرا، لەم تاقیکرنەوەدا لە جووتزمانەکان دەخوازرێت، وێنەیەک بە زمانی دووەم (ئینگلیزی) ناوبهێنن، لە کاتێکدا وشەی دەستێوەردەر/ چەواشەکار بە زمانەکە دیکە (هۆڵەندی) لەسەر وێنەکە نووسراوە، ئەنجامی تاقیکردنەوەکان ئەوەیان دەرخست، کە وشە هۆڵەندییەکان لە قۆناغەکانی بەپرۆسەدابردنی فەرهەنگیی زمانی ئینگلیزیدا چالاکدەبن، جووتزمانەکان ناتوانن بەتەواوی زمانی یەکەمیان لە کاتی بەکارهێنانی زمانی دووەم سەرکوتبکەن.

Loebell وBock (2003: 791) لە لێکۆڵینەوەیەکیاندا تاقیکردنەوەی ڕێخۆشکردنی سینتاکسیان بەکارهێنا، تا ڕێژەی تێکچڕژان و کارلێککردنی زانیاریی سینتاکسی لە نێوان هەردوو زمانەکەی جووتزمانە و کاریگەریی دروستەی ڕستەیەک لە زمانێک لە بەرهەمهێنانی زمانێکی تر دەربخەن، واتە دروستەی ڕستەی ڕێخۆشکەر و دروستەی ڕستەی ئامانج لە دوو زمانی جودان، بەشداربووانی تاقیکردنەوەکە جووتزمانەی ئەڵمانی- ئینگلیزی بوون، دوای بیستنی ڕستەیەکی دیاریکراو بە زمانی یەکەم یاخود زمانی دووەم، وێنەیەکی ناپەیوەندیدار بە ڕستە بەرهەمهێنراوەکە بە بەشداربووان پیشاندەدرا، داوایانلێدەکرا، تا بە زمانەکەی دیکە وێنەکە پەسنبکەن. ئەنجامەکان دەریانخست، دروستەی سینتاکسیی هەردوو زمانەکە کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەبووە، دروستەی سینتاکسی لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی دووەم گواستراوەتەوە، بە پێچەوانەشەوە.

لەسەر بنەمای ئەم لێکۆڵینەوانە و چەندین لێکۆڵینەوەی دیکە ئەوە دەردەکەوێت، هەرچەندە لە فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانەدا لێما و لێکسیمی تایبەت بە هەر زمانێک هەیە، بەڵام سنووری نێوان زمانەکان توند و پتەو نییە و جیابوونەوەکە ڕەها نییە، ئەگەری ڕوودانی کارلێککردن و تێکچڕژان لە ئاستی لێما و لێکسیم لە هەردوو زمانەکەدا بەدیدەکرێت. لەبارەی ئاستی چەمک زۆربەی مۆدێلەکانی فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانە پشتگیری لە پێڕەوی واتا/ چەمکی هاوبەش بۆ هەردوو زمانەکە دەکەن، ڕوونیدەکەنەوە، چۆن دوو فۆڕمی فۆنۆلۆجی چەمکێکی هاوبەشیان هەیە، چی پرۆسەیەک بەکاردەبرێت، تا فۆڕمێکی فۆنۆلۆجیی زمانێک بۆ فۆڕمێکی فۆنۆلۆجیی زمانێکی تر وەربگێڕدرێت؟


### ٢/٢-١) مۆدێلەکانی هەڕەمی Hierarchal Models

مۆدێلی پەیوەندیی وشە و مۆدێلی نێوەندگیریی چەمکی لەخۆدەگرێت، کە هەردووکیان پشتگیری لە پێڕەوی چەمکی هاوبەش بۆ هەردوو زمانەکە دەکەن.

#### ٢/٢-١-١) مۆدێلی پەیوەندیی وشە Word Association


ئەم مۆدێلە لەبارەی چۆنیەتیی بەپرۆسەدابردن و وەرگێڕان لە نێوان هەردوو زمانەکەی جووتزمانەدا، هەروەها بنیاتنانی فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانە، وا گریمانەدەکات، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان وشەکانی هەردوو زمانەکەدا هەیە، ئەم پەیوەندییە لە پرۆسەکانی تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی وشەکانی زمانی دووەم بەکاردەهێنرێت، وشەکانی زمانی دووەم لەبری ئەوەی ڕاستەوخۆ بە چەمکەکانیانەوە پەیوەستبن، بە وشەکانی زمانی یەکەمەوە گرێدراون (Potter, 1984: 23). بەو واتایەی وشەکانی زمانی

دووەم ڕاستەوخۆ بە هاوتا وەرگێڕانەکانیان لە زمانی یەکەم پەیوەستن، نەک چەمکەکانیان، سەرەتا وەرگێڕانی وشەکانی زمانی دووەم بۆ هاوتا وەرگێڕانەکانیان لە زمانی یەکەم ڕوودەدات، پاشان چەمکی وشەکانی زمانی دووەم بەدەستدەهێنرێتەوە، بەمەش وشەکانی زمانی دووەم بە هەمان چەمکی بنەڕەتی وشەکانی زمانی یەکەم دەبەسترێتەوە (بڕوانە هێڵکاریی (١))، بۆ نموونە، بەپێی ئەم گریمانە تێگەیشتن لە چەمکی (Book) لە زمانی دووەمدا بۆ تاکێکی جووتزمانەی کوردی- ئینگلیزی بە شێوازی ناڕاستەوخۆیە، سەرەتا وشەی (Book) بە هاوتا وەرگێڕانەکەی (کتێب) پەیوەستدەکات و دواتر چەمکەکەی وەردەگرێتەوە، بەم پێیە پرۆسەکە سێ هەنگاو لەخۆدەگرێت: ١- پەیپێبردنی وشەکە ٢- وەرگێڕانی وشە لە زمانی دووەم بۆ زمانی یەکەم ٣- وەرگرتنەوەی واتای وشەکە بە پشتبەستن بە هاوتا وەرگێرانەکەی لە زمانی یەکەم، واتە ناتوانرێت ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی زمانی دووەمەوە بە پێڕەوی چەمکی بگەن، دەبێت سەرەتا وشەکانی زمانی دووەم بۆ زمانی یەکەم وەربگێڕدرێت.




هێڵکاریی (١) مۆدێلی پەیوەندیی وشە وەرگیراوە لە (Menenti & Indefrey, 2006:18).


لەسەر بنەمای مۆدێلی پەیوەندی وشە ناوبردنی وێنەیەک بە زمانی دووەم بەراورد بە وەرگێڕان لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی دووەم کاتی زیاتری پێویستە، پرۆسەی وەرگێڕان بەپرۆسەدابردنی کەمتری پێویستە بەراورد بە ناوبردنی وێنە، تەنها بە بینینی وشەکانی زمانی یەکەم دەنگە هاوتاکانیان چالاکدەبن، یەکەی چالاککراوی زمانی یەکەم یەکەی زمانی دووەمی پەیوەندیدار چالاکدەکات، بەڵام ناوبردنی وێنەیەک بە زمانی دووەم بەپرۆسەدابردنی زیاتری پێویستە، سەرەتا بە ناسینەوەی وێنەکە و چالاککردنی هاوتا وەرگێڕانەکەی دەستپێدەکات، پاشان نواندنە چەمکییەکە چالاکدەبێت، واتە چەمکەکە ڕاستەوخۆ بە یەکە فەرهەنگییەکەی زمانی دووەم پەیوەست نییە، چونکە هیچ پەیوەندییەک ڕاستەوخۆ لە نێوان چەمک و یەکەکانی زمانی دووەم بەدیناکرێت (بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە هێڵکاریی (٢)). لە هێڵکارییەکەدا بە مەبەستی پیشاندانی ڕێژەی زیاتری وشەکانی زمانی یەکەم، کاوێرەی پەیوەست بە زمانی یەکەم گەرەتر نوێنراوە، بەو واتایەی جووتزمانەکان وشەی زیاتر لە زمانی یەکەم بەراورد بە زمانی دووەم دەزانن.




هێڵکاریی (٢) مۆدێلی پەیوەندیی وشە لە ناوبردنی وێنە و وەرگێڕان، وەرگیراوە لە (Traxler, 2012: 417).

## ٢/٢-١-٢) مۆدێلی نێوەندگیریی چەمکی The concept- Mediation Model


ئەم مۆدێلە پێشنیاردەکات، کە پەیوەندیی نێوان دوو زمانی تاکی جووتزمانە لە ڕێگەی پێڕەوێکی چەمکی بێلایەنە و بە هیچ زمانێکی دیاریکراوەوە نەبەستراوەتەوە، بە پێچەوانەی مۆدێلی پەیوەنیی وشە، بەپێی گریمانەی ئەم مۆدێلە وشەکانی زمانی دووەم ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە وشەکانی زمانی یەکەمەوە نییە، وشەکانی زمانی یەکەم و دووەم ڕاستەوخۆ بەو چەمکە نازمانییەی، کە بۆ هەردوو وشەکە هاوبەشە، پەیوەستن (Potter, 1984: 23) (بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە هێڵکاریی (٣)). بەو واتایەی هەریەک لە زمانەکان بە شێوەی سەربەخۆ کاردەکەن، پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لە نێوان یەکەکانی هەردوو زمانەکە و چەمکەکانیاندا هەیە، وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە بە نێوەنگیری چەمکە هاوبەشەکانە.




هێڵکاریی (٣) مۆدێلی نێوەندگیریی چەمکی وەرگیراوە لە (Heredia & Cieślicka, 2014: 27).

لەسەر بنەمای گریمانەی نێوەندگیریی چەمکی ناوبردنی وێنە بە زمانی دووەم بەراورد بە مۆێلی پەیوەندیی وشە بەپرۆسەدابردنی کەمتری پێویستە، بۆ ناوبردنی وێنە بە زمانی دووەم سەرەتا بە پەیپێبردنی وێنەکە نواندنە چەمکییە هاوتاکە چالاکدەبێت،

چالاکبوونی نواندنە چەمکییەکە چالاکبوونی وشە پەیکاڵەکەی لە زمانی دووەمدا لێدەکەوێتەوە، ئەوەش بە هۆکاری هەبوونی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لە نێوان چەمکەکان و وشەکانی زمانی دووەم. وەرگێڕان لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی دووەم پێویستی بە هەمان بەپرۆسەدابردنی دوو قۆناغی هەیە، بە پەیپێبردنی یەکەکانی زمانی یەکەم چەمکێک چالاکدەبێت، ئەو چەمکە وشەکانی زمانی دووەم چالاکدەکات (بڕوانە هێڵکاریی (٤)).




هێڵکاریی (٤) مۆدێلی نێوەندگیریی چەمکی لە ناوبردنی وێنە و وەرگێڕان، وەرگیراوە لە (Traxler, 2012: 417).

لەسەر بنەمای ئەم گریمانەیە جووتزمانە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی نواندنە چەمکییەکانەوە بە واتای وشەکانی زمانی دووەم دەگات، بەدەر لە پێویستیی گەڕاندنەوەی بۆ وشەکانی زمانی یەکەم، بۆ نموونە، جووتزمانەی کوردی- ئینگلیزی بۆ تێگەیشتن لە واتای (dog) ڕاستەوخۆ چەمکی (dog) وەردەگرێتەوە و بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ هاوواتاکەی لە زمانی کوردیدا.

### ٢-٢/٢) مۆدێلی هەرەمیی پێداچوونەوە Revised Hierarchical Model

Kroll و Stewart (1994) وەشانێکی نوێیان لە مۆدێلی هەرەمی پێشنیارکرد، بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتیی بەپرۆسەدابردن و وەرگێڕانی هەردوو زمانەکە لە ئاوەزی ئاخێوەری جووتزمانەدا. ئەم مۆدێلە لەسەر بنەمای مۆدێلەکانی هەرەمی (مۆدێلی پەیوەندیی وشە و مۆدێلی نێوەندگیریی چەمکی) بنیاتنراوە، بنەماکانی هەردوو مۆدێلەکە لەخۆدەگرێت، لەگەڵ بیرۆکەی زیاتر لەبارەی پەیوەندیی ناهاوشێوە لە نێوان زمانی یەکەم و زمانی دووەمدا (Dong et al, 2005: 222). بەپێی مۆدێلەکە هەردوو پەیوەندیی فەرهەنگی و چەمکی لە یادگەی جووتزمانەدا چالاکن، هەردوو پەیوەندییەکە دوو ئاراستەین، پەیوەندیی فەرهەنگی لە زمانی دووەم بۆ زمانی یەکەم لە پەیوەندیی زمانی یەکەم بۆ زمانی دووەم بەهێزترە، چونکە وشەکانی زمانی دووەم سەرەتا بە وشەکانی


زمانی یەکەمەوە پەیوەستدەبن، دواتر چەمکەکان، هەربۆیە پەیوەندیی وشەکانی زمانی یەکەم و چەمکەکان لە پەیوەندیی وشەکانی زمانی دووەم و چەمکەکانیان بەهێزترە، ڕادەی بەهێزیی پەیوەندییەکانیان بەپێی لێهاتوویی لە زمانی دووەم و ڕادەی باڵادەستیی زمانی یەکەم بەسەر زمانی دووەمدا جیاوازە (Kroll & Stewart, 1994: 157).

ئەم مۆدێلە بە شێوازی جۆراوجۆر تاقیکراوەتەوە Kroll و Stewart (1994) لە تاقیکردنەوەکەیاندا ئەرکی وەرگێڕانی وشەیان بۆ دیاریکردنی سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان نواندنە فەرهەنگییەکان بەکارهێنا، لە تاقیکردنەوەکەدا لە جووتزمانە هۆڵەندی-ئینگلیزییەکان خوازرا، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر وەرگێڕانبکەن، بە ئاراستەی جیاواز. ئاراستەی وەرگێڕان لە زمانی یەکەم بۆ زمانی دووەم بە وەرگێڕانی بەرەوپێش و ئاراستەی وەرگێڕان لە زمانی دووەمەوە بۆ زمانی یەکەم بە وەرگێڕانی بەرەوپاش ناودەبرێت. لەئەنجامی تاقیکردنەوەکەیاندا ئەوەیاندەرخست، وەرگێڕان لە نێوان دوو زمانەکەدا بەپێی ئاراستەکەی بە شێوازی جیاواز کاردەکات، وەرگێڕانی بەرەوپێش بەراورد بە وەرگێڕانی بەرەوپاش هێواشترە، ئەمەش دەریدەخات، کە وەرگێڕان لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی دووەم پێویستی بە نێوەندگیریی چەمکی هەیە، واتە وشەکانی زمانی یەکەم پێش ئەوەی بە هاوتاکەی لە زمانی دووەم پەیوەستبێت، نواندنی چەمکیی خۆی چالاکدەکات، وەرگێڕان لە زمانی دووەم بۆ زمانی یەکەم پشت بە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان وشەکان لە ئاستی فەرهەنگیدا دەبەستێت، واتە بەبێ چالاکبوونی نواندنە چەمکییەکان ڕاستەوخۆ هاوتاکانیان لە زمانی یەکەم چالاکدەبن. ئەنجامی ئەم تاقیکردنەوەیان وەک بەڵگەیەک بۆ مۆدێلی هەرەمیی پێداچوونەوە وەرگرت، لە دوای ئەم لێکۆڵینەوە زنجیرەیەک لێکۆڵینەوەی هاوشێوە ئەنجامدرا، بە مەبەستی گونجاندنی ئەم مۆدێلە. ئەم تاقیکردنەوە، کە بە بنیاتنەری مۆدێلەکە دادەنرێت، دوو دەرئەنجامی گرنگ لەسەر پەیوەندی زمانەکان دەردەخات:

١- وەرگێڕان لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی دووەم بەراورد بە ناوبردنی وێنە لە زمانی دووەم خێراترە.

٢- وەرگێڕان لە زمانی دووەمەوە بۆ زمانی یەکەم بەراورد بە وەرگێڕان لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی دووەم خێراترە، بەتایبەت لە فێرخوازە تازەکاندا، ئەم دەرئەنجامانە بەو واتایە لێکدرایەوە، کە لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا وشەکانی زمانی دووەم زیاتر بە هاوتا وەرگێڕانەکانیان لە زمانی یەکەم بەراورد بە چەمکەکانیان بەستراونەتەوە، بە بەرزبوونەوەی ئاستی لێهاتوویی فێرخواز لە زمانی دووەمدا پەیوەندیی نێوان وشەکانی

زمانی دووەم و چەمکەکانیان بەهێزتردەبن، فێرخواز زیاتر پشت بە بەستەری ڕاستەوخۆ دەبەستێت (Pavlenko, 2009: 143) (بڕوانە هێڵکاریی (٥)).




هێڵکاریی (٥) مۆدێلی هەڕەمیی پێداچوونەوە وەرگیراوە لە (Kroll & Stewart, 1994: 158).

بەپێی ئەم هێڵکارییە وشەکانی هەردوو زمانەکە بە دوو ئاراستەیی پێکەوە پەیوەستن، بەڵام بەهێزی پەیوەندییەکانیان جیاوازە، پەیوەندییە فەرهەنگییەکان لە زمانی دووەمەوە بۆ زمانی یەکەم، کە بە هێڵی ئەستوور نیشاندراوە بەراورد بە پەیوەندییەکانی زمانی یەکەم بۆ زمانی دووەم ، کە بە هێڵی پچڕپچڕ نیشاندراوە، بەهێزترە، فێرخوازان لە قۆناغی سەرەتایی فێربووندا وشەکانی زمانی دووەم بە هاوتاکانیان لە زمانی یەکەم دەبەستنەوە، بۆ نموونە، جووتزمانە کوردی- ئینگلیزییەکان وشەی (cat) بە وشەی (پشیلە) دەبەستنەوە، ئەمەش وا دەکات، پەیوەندی وشەکانی زمانی دووەم بە وشەکانی زمانی یەکەم بەهێزتربێت و ئاسانتر وشەکانی زمانی دووەم بۆ زمانی یەکەم وەربگێڕدرێت. هەروەها لە هێڵکارییەکەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە پەیوەندیی نێوان وشەکانی زمانی یەکەم و چەمکەکان بەراورد بە پەیوەندیی نێوان وشەکانی زمانی دووەم و چەمکەکان بەهێزترە.


پنتێکی لاوازی ئەم مۆدێلە ئەوەیە، لە ئاستی فەرهەنگیدا هەمیشە زمانی یەکەم وەکو زمانی باڵادەست سەیردەکرێت، بەڵام دەکرێت بە گۆڕانی ئاستی لێهاتوویی فێرخواز زمانی دووەم ببێت بە زمانی باڵادەست. پنتێکی لاوازی تری ئەوەیە، کە پەیوەندیی زمانی یەکەم و چەمکەکان لە پەیوەندیی زمانی دووەم و چەمکەکان بە بەهێزتر دادەنێت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاستی لێهاتوویی جووتزمانەکان. لەبەرچاونەگرتنی ئەم پنتانە بنەماکانی مۆدێلەکە ڕووبەڕووی ڕەخنە دەکاتەوە. Heredia (1997) لە لێکۆڵینەوەیەکدا، کە بەشداربووان جووتزمانەی ئیسپانی- ئینگلیزی بوون، لە زمانی دووەمدا ئاستی شارەزایی و لێهاتوییان باڵابوو، بە پێچەوانەی گریمانەکانی ئەم مۆدێلە ئەوەی خستەڕوو، وەرگێڕانی بەرەوپێش لە زمانی

یەکەمەوە بۆ زمانی دووەم بەراورد بە وەرگێڕانی بەرەوپاش لە زمانی دووەمەوە بۆ زمانی یەکەم خێراترە (Heredia & Cieślicka, 2014: 29).

ئەم مۆدێلە چوارچێوەیەکی بەسوود بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتیی ڕێکخستنی فەرهەنگی و چەمکی لە لای جووتزمانە دەخاتەڕوو، بە ڕوونی لە نێوان پەیوەندییە فەرهەنگییەکان و چەمکییەکان لە فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانەدا جیاوازیدەکات، بەڵام سنووردارییەکان ئەم مۆدێلەی ڕووبەڕووی ڕەخنەکردەوە، ئاماژەنەکردن بەوەی، کە فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانە پێڕەوێکی گۆڕاوە، دەکرێت باڵادەستی زمان بە تێپەڕبوونی کات بگۆڕێت، زیاتر بەکارهێنانی زمانی دووەم و بەرزبوونەوەی ئاستی شارەزایی لە زمانی دووەمدا ئەگەری باڵادەستی زمانی دووەم زیاتردەکات.

### ٣-٢/٢) مۆدێلی سیمای چەمکی دابەشکراو The Distributed Conceptual Feature

ئەم مۆدێلە لە لایەن De Groot پێشنیارکرا، بۆ لەبەرچاوگرتنی سیماکانی جۆری وشە، بەپێی ئەم مۆدێلە چەمکەکان وەک یەکەیەکی هاوێرکراو هەڵنەگیراون ، بەڵکو بە شێوەی دابەشکراو دەنوێنرێن. بەشێک لە جووتە وشە هاوتاکانی زمانەکان سیمای چەمکی هاوبەشی زیاتریان هەیە، بەشێکی سیمای چەمکی هاوبەشیان کەمترە (بڕوانە هێڵکاریی (٦))،




هێڵکاریی (٦) مۆدێلی سیمای چەمکی دابەشکراو وەرگیراوە لە (Ferreira & Mozzillo,2021: 12)

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە ئەم نموونانە:

١- پشیلە +گیانلەبەرێکی ماڵییە    cat +گیانلەبەرێکی ماڵییە

+چوار پەلی هەیە    +چوار پەلی هەیە

+دەخوات    +دەخوات

+گۆشتخۆرە    +گۆشتخۆرە

٢- ترس +هەستێکی نەرێنییە    fear +هەستێکی نەرێنییە

+پەیوەندی بە ڕووداوی ناخۆشەوە هەیە.    +پەیوەندی بە ڕووداوی ناخۆشەوە هەیە.

+نیشاندانی ڕێزگرتن و خۆشەویستی    -نیشاندانی ڕێزگرتن و خۆشەویستی

لە نموونەی یەکەمدا، وشە هاوتا وەرگێڕانەکان (پشیلە) و (cat) سیماکانیان یەکسان و هاوبەشن، لە نموونەی دووەمدا، ئەم جووتە وشە (ترس) و (fear) هاوتای یەکن، سیمای سیمانتیکی هاوبەش و جیاوازیان هەیە، واتە سەریەککەوتنی چەمکییان کەمترە و یەکسان نین، ئەمەش کاریگەری لەسەر پرۆسەکانی فێربوون و وەرگێڕانی نێوان زمانەکان هەیە.


De Groot پێشنیاردەکات، وشە کۆنکرێتییەکان و هاوشێوەکان سیماکانیان زیاتر گشتگیرە، لەگەڵ هاوتا وەرگێڕانەکانیان بەڕادەیەکی زۆر، ئەگەر بەتەواوی نەبێت، نواندنی چەمکی هاوبەشیان لە هەموو زمانەکاندا هەیە، لە کاتێکدا وشە ئەبستراکتەکان لەگەڵ هاوتاکانیان سیمای سیمانتیکیی هاوبەشیان کەمترە (Pavlenko, 2009: 144)، سیمای سیمانتیکیی یەکسان ناسینەوە و وەرگێڕانی وشە کۆنکرێتییەکان و وشە هاوشێوەکان بەراورد بە وشە ئەبستراکتەکان خێراتردەکات (Dong et al, 2005: 221). بەڵگەی پشتگیریی ئەم گریمانەیە لە لێکۆڵینەوە تاقیگەییەکان بەدەستهێنراون، وەکو (Jin, 1990; De Groot & Nas, 1991; De Groot, 1992; De Groot & Poot, 1997; Van Hell & De Groot, 1998;)، کە هەریەکەیان لەسەر جووتزمانە جیاوازەکان ئەنجامدراوە، ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوانە ئەوە دەردەخەن، کە سەریەککەوتن و تێکچڕژانی چەمکی پەیوەستە بە جۆری وشە، بەشێک لە جۆرەکانی وشە لەگەڵ هاوتاکانیان لە کۆگای هاوبەش و بەشێکی تریان لە کۆگای جیاواز هەڵدەگیرێن، واتە چۆنیەتیی هەڵگرتن و پەسمەندەکردنی وشەکانی هەردوو زمانەکە جیاوازن و پەیوەستن بە جۆری وشە و سیمای هاوبەشی نێوانیان. پنتی لاوازی ئەم مۆدێلە ئەوەیە، مەرج نییە گشت وشە کۆنکریتییەکان و وشە هاوشێوەکان لەگەڵ هاوتاکانیان سیماکانیان یەکسان و

هاوبەشبن، بۆ نموونە، جووتەوشەکانی (خوشکەزا) و (nephew) کۆنکریتین، سیمای سیمانتیکیی هاوبەش و جیاوازیان هەیە، خوشکەزا تەنها پەیوەستە بە منداڵی خوشک، بەڵام (nephew) منداڵی خوشک و برا لەخۆدەگرێت.

**٢/٢-٤) مۆدێلی هەڕەمیی پێداچوونەوەی هەموارکراو The Modified Hierarchical Model**

Heredia ئەم مۆدێلە لەسەر بنەمای خاڵە بەهێزەکانی مۆدێلەکانی پێشوتری نواندنی فەرهەنگی بنیاتناوە، لەگەڵ پاراستنی ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی پێشوو، پرسیاری نوێ دەوروژێنێت، گریمانە نوێیەکان دەخاتەڕوو. هاوشێوەی مۆدێلی سیمای چەمکی دابەشکراو نواندنە فرە شێوازەکان لە بەپرۆسەدابردنی چەمکی گریمانەدەکات. هاوشێوەی مۆدێلی هەڕەمیی پێداچوونەوە گریمانەی ئەوە دەکات، کە فێرخوازانی زمانی دووەم لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا پشت بە هاوتا وەرگێڕانەکانیان لە زمانی یەکەم دەبەستن، لە قۆناغەکانی دواتردا بە زیادبوونی ئاستی لێهاتوویی فێرخواز لە زمانی دووەمدا پشت بە نێوەندگیریی چەمکی دەبەستن، بەڵام بە پێچەوانەی ئەم مۆدێلە سروشتی داینامیکیی فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانە لەبەرچاودەگرێت و پێیوایە زمانی باڵادەست بەپێی توانا و لێهاتووی لە زمانەکان و ڕادەی بەکارهێنانی زمانەکان دەگۆڕێت، واتە دەکرێت زمانی دووەم ببێت بە زمانی باڵادەست. گرنگترین لایەنی جیاکەرەوەی ئەم مۆدێلە لە مۆدێلی هەڕەمیی پێداچوونەوە، ڕێکخستنی کۆگای چەمکییە، بەپێچەوانەی مۆدێلی هەڕەمیی پێداچوونەوە، کە کۆگای چەمکی یەکگرتوو پێشنیاردەکات، مۆدێلی هەڕەمی پێداچوونەوەی هەموارکراو پێکهاتەیەکی نەرمتر پێشنیاردەکات و ڕێگە بە سێ جۆر نواندنی چەمکی دەدات: ١- نواندنە چەمکییەکان لە هەردوو زمانەکەدا واتاکانیان بەتەواوی یەکسانە. ٢- نواندنە چەمکییە بەشەکییە سەریەککەوتووەکان (واتە بەشێک لە واتاکانیان هاوبەشن). ٣- نواندنە چەمکییەکان تایبەتن بە زمانێکی دیاریکراو (واتە تەنها لە یەک زماندا هەن) (Pavlenko, 2009: 146)

(بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە هێڵکاریی (٧)).




هێڵکاریی (٧) مۆدێلی هەرەمیی پێداچوونەوەی هەموارکراو وەرگیراوە لە (Pavlenko, 2009: 147).

لەم هێڵکارییەدا پێکهاتەی نواندنی چەمکی لە فەرهەنگی ئاوەزیی جووتزمانەدا دەنوێنرێت، سەرەڕایی کۆگای چەمکی هاوبەش ئاماژە بە نواندنە چەمکییە تایبەتەکانی زمانێکی دیاریکراو دەکرێت. پنتی سەرنجراکێشی ئەم مۆدێلەدا هەبوونی کۆگای چەمکی تایبەتە بە هەریەک لە زمانەکانی (یەکەم و دووەم)، هەبوونی کۆگای جیاواز بۆ ئەم چەمکە تایبەتانە کاریگەری لەسەر چۆنیەتیی داڕشتنی پەیامەکان، چالاککردنی یەکە فەرهەنگییەکان و پڕکردنەوەی کەلێنە چەمکییەکان هەیە. ئەم مۆدێلە بە ئاماژەکردن بە کۆگای نواندنە چەمکییە دیاریکراوەکان گرفتی نەبوونی چەمکێک لە زمانێکدا و هەبوونی لە زمانەکەی تردا چارەسەردەکات.

ئەم مۆدێلە کاریگەریی بەرچاوی لە شیکارکردنی بەپرۆسەدابردنی زمانەکانی جووتزمانەدا هەیە و پێیوایە فێرخوازان لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمدا تەنها وشەی نوێ فێرنابن، بەڵکو چەمکی نوێ بەدەستدەهێنن، کە لە زمانی یەکەمدا نییە، دەکرێت تاکێکی جووتزمانە بەپێی ئەو دەوروبەرە زمانی و چوارچێوە کلتوورییەی تێیدایەتی پشت بە نواندنە چەمکییە جیاوازەکان ببەستێت، کاتێک چەمکێک لە زمانێکدا هەیە و هاوتاکەی ڕاستەوخۆ لە زمانەکەی تردا نییە، دەشێت بە یەکە فەرهەنگییەکانی زمانەکەی تر نەبەسترێتەوە، بۆ دەربڕینی چەمکگەلێک ، کە لە زمانێکدا بوونی نییە، دەکرێت سوود لە کۆدگۆڕین یان قەرزکردنی فەرهەنگی ببینرێت ( Jared et al, 2013:

386). بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەبارەی سێ چەشنی نواندنی چەمکی، کە لەم مۆدێلەدا ئاماژەپێکراوە، سەرنجەدەینە ئەم نموونانە:

| | |
|---|---|
| ١- کتێب + بەرجەستەیە | book +بەرجەستەیە |
| +پەڕەی هەیە (کاغەز یان دیجیتاڵی) | +پەڕەی هەیە (کاغەز یان دیجیتاڵی) |
| +تۆمارکردنی زانیاریی | +تۆمارکردنی زانیاریی |
| + قەبارەی هەیە | + قەبارەی هەیە |
| + لە بەرگ و ناوەڕۆک پێکهاتووە | + لە بەرگ و ناوەڕۆک پێکهاتووە |
| + نوسەری هەیە | + نوسەری هەیە |
| +دەخوێنرێتەوە | +دەخوێنرێتەوە |
| ٢- خاڵ + مرۆڤ | uncle +مرۆڤ |
| +نێر | +نێر |
| +برای دایک | +برای دایک |
| -برای باوک | +برای باوک |
| +بۆ ناوبردنی کەسێک وەکو ڕێز بەکاردێت. | -بۆ ناوبردنی کەسێک وەکو ڕێز بەکاردێت. |
| ٣- خەنەبەندان | Baby shower |
| شەکراوخواردنەوە | Bridal shower |
| ژنبەژن | Thanksgiving |
| ئاشقبەند | Kilt |
| مشکی | Chaps |

لە نموونەی یەکەمدا، فۆرمی ڕووکاری وشەکانی (کتێب) و (book) جودان، بەڵام لە هەردوو زمانەکەدا پەیڕەوی یەک نواندنی چەمکی دەکەن و تەواوی سیما سیمانتیکییەکانیان هاوبەشن. ئەگەر لە نموونەی دووەم وردببینەوە، دەبینین، وشەی

(خاڵ) و (uncle)، کە هاوتای یەکن، لە هەردوو زمانەکەدا سیمای سیمانتیکیی هاوبەش و جیاوازیان هەیە، سەریەککەوتنی چەمکییان یەکسان نییە و بە شێوەی بەشەکییە. لە نموونەی سێیەمدا، کۆمەڵێک چەمک بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو، کە هەریەک لە چەمکەکانی (خەنەبەندان، شەکراوخواردنەوە، ژنبەژن، ئاشقبەند، مشکی) تایبەتن بە زمانی کوردی و ڕاستەوخۆ هاوتای وەرگێرانیان لە زمانی ئینگلیزیدا نییە، هەروەها چەمکەکانی ( Baby shower, Bridal shower, Thanksgiving, Kilt, Chaps) تایبەتن بە زمانی ئینگلیزی و لە زمانی کوردیدا هاوتای ڕاستەوخۆیان بەدیناکرێن، دەتوانرێت بۆ گوزارشتکردن لێیان سوود لە کۆدگۆڕین یان قەرزکردنی فەرهەنگی ببینرێت.

ئەم مۆدێلە جیاواز لە مۆدێلەکانی پێشوتری نواندنی فەرهەنگی پێکهاتەیەکی نەرمتر و گونجێنەرتر بۆ هەڵگرتن و ڕێکخستنی نواندنە چەمکییەکان دەخاتەڕوو، کە تێیدا سەرەڕایی کۆگای چەمکی هاوبەش دوو کۆگای چەمکی دیکە، کە هەریەکەیان تایبەتن بە نواندنە چەمکییەکانی زمانێکی دیاریکراو (زمانی یەکەم یاخود دووەم)، لەخۆدەگرێت، بەمەش کەلێنە چەمکییەکان پڕدەبێتەوە و چارەسەرێکی شیاوی بۆ چۆنیەتیی هەڵگرتن و ڕێکخستنی ئەو چەمکانەی تایبەتن بە زمانێکی دیاریکراو پێشنیارکرد.

**٣/٢) دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگی لە جووتزمانەدا**

دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگی لە جووتزمانەدا پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، دەستپێداگەیشتن بە دوو زمان بە شێوەیەکی خێرا و ورد لە لایەن جووتزمانەوە شیاوی لێوردبوونەوەیە، ئەم پرۆسەیە لە ڕێگەی میکانیزمەکانی چالاککردنی گرێ فەرهەنگییەکان، کۆنترۆڵکردنی یەکە کێبڕکێکەرەکان و هەڵاوێرکردنی فەرهەنگی بەجێدەهێنرێت، لە ڕێگەی ئەم میکانیزمانە تاکی جووتزمانە دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگیان بۆ یەک زمان سنووردباردەکەن. هەربۆیە لەم باسەدا تیشکدەخرێتەسەر (چۆنیەتیی چالاککردنی نواندنە فەرهەنگییەکانی هەردوو زمانەکە، کێبڕکێکردنی کاندیدەکان، کۆنترۆڵکردنی یەکە فەرهەنگییە کێبڕکێکەرەکان بە مەبەستی چەپاندن و کپکردنی گرێ فەرهەنگییەکانی زمانی نائامانج و ڕێگریکردن لە دەستێوەردان، تا بتوانرێت دەستپێداگەیشتن بۆ گرێی فەرهەنگیی گونجاو لە زمانی ئامانجدا ڕووبدات).

بۆ بەجێهێنانی پرۆسە سایکۆ- زمانییەکانی (تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی ئاخاوتن) ئاخێوەر پێویستە دەستپێداگەیشتنی بۆ کۆزانیارییە زمانییە ئاوەزییەکان هەبێت، بەبێ دەستپێداگەیشتن پرۆسەکانی تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی ئاخاوتن بەدینایەت. لە بەرهەمهێنانی ئاخاوتندا بەپرۆسەدابردن لە ئاستی چەمکییەوە دەستپێدەکات بۆ ئاستی

فۆڕمولەکردن، لێماکانی فەرهەنگی لە نێوان ئاستی چەمکی و فۆڕمولەکردن نێوەندگیریدەکەن ( بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: مەحموود، ئاڤێستا کەمال، ٢٠١٢). پرۆسەی تێگەیشتنی ئاخاوتن پەیڕەوی هەمان ڕێڕەوی بەپرۆسەدابردن دەکات، بە ئاراستەی پێچەوانەوە. بەرهەمهێنانی ئاخاوتن سێ ئاستی نواندن لەخۆدەگرێت: ئاستی چەمکی، ئاستی (فەرهەنگی) لێما و ئاستی بەکۆدکردنی فۆنۆلۆجی (لێکسێم). چەمک کەرەستەیەکی ئەبستراکتە لە ڕێگەی زمانەوە لە کاتی دەربڕین دەبێتە کەرەستەیەکی کۆنکرێتی (محمدامین، امیر محمد، ٢٠١٧: ١٤١)، چۆن ئاخێوەران ئەم ئاستانە تێدەپەڕێنن، چۆن چەمکی ئامانج و ئەو نواندنە فەرهەنگییانەی، کە پەیکاڵن لەگەڵ چەمکەکە چالاکدەکەن و پاشان سەگمێنتە فۆنۆلۆجییە پەیکاڵەکانی گرێی فەرهەنگیی خوازراو هەڵاوێردەکەن؟ چۆن چالاکبوون لە نواندنی چەمکییەوە بۆ سەگمێنتە فۆنۆلۆجییەکان ئاراستەدەدەکەن؟

لەسەر بنەمای مۆدێلە جیاوازەکانی دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگی لە تاکزمانەدا زیاتر لە گرێیەکی فەرهەنگی بۆ گوزارشتکردن لە واتا/ چەمکێک چالاکدەبێت، چالاکبوونی زیاتر لە گرێیەکی فەرهەنگی پێویستی بە میکانیزمی هەڵاوێرکردنە، تا دەستپێداگەیشتن بۆ گرێی فەرهەنگیی ئامانج ڕوویدات، بۆ نموونە، بۆ گوزارشتکردن لە چەمکی (دەریا) تەنها گرێی فەرهەنگیی ئامانج چالاکنابێت، کۆمەڵێک گرێی فەرهەنگیی پەیوەندیدار وەکو (ئاو، شەپۆل و ماسی)، کە سیمای هاوبەشیان لەگەڵ گرێی ئامانج هەن، لە ئاستی فەرهەنگیدا چالاکدەبن، گرێ فەرهەنگییە چالاککراوەکان بۆ هەڵاوێرکردن کێبڕکێدەکەن، میکانیزمی هەڵاوێرکردن ئەو گرێ فەرهەنگییەی، کە بەرزترین ئاستی چالاکبوونی هەیە، هەڵاوێردەکات و دەستپێداگەیشتن بۆ گرێی فەرهەنگیی ئامانج ڕوودەدات (بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی مۆدێلەکانی دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگیی تاکزمانە بڕوانە: عبدالرحمن، باخان سرحد، ٢٠٢٤)، ئەگەر گرێ فەرهەنگییە هەڵاوێرکراوەکە گرێی فەرهەنگیی ئامانج نەبێت، هەڵەی ئاخاوتنی ڕوودەدات، وەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

١- پشیلەکە دەوەڕێت.

٢- سەگەکە دەنەڕێنێت.

لە ڕستەی یەکەمدا وشەی (پشیلە) لەبری وشەی (سەگ) بەکاربراوە. لە ڕستەی دووەمدا لەباتی وشەی (شێر) وشەی (سەگ) بەکارهێنراوە. هەڵەکانی لەم چەشنە ڕەنگدانەوەی شکستهێنانی میکانیزمی هەڵاوێرکردنی فەرهەنگییە لە هەڵاوێرکردنی وشەی ئامانج.

پشتبەست بە مۆدێلەکانی دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگیی جووتزمانە، کە لە بابەتی پێشوودا بە تێروتەسەلی شرۆڤەکراوە، دەتوانرێت بوترێت جووتزمانەکان بۆ وشە هاوتا وەرگێڕانەکان پێڕەوی چەمکی هاوبەشیان هەیە، هەر نواندنێکی چەمکی پەیوەستە بە گرێ فەرهەنگییە پەیکاڵەکانی لە زمانە جیاوازەکانی جووتزمانەدا، جگە لەو نواندنە چەمکییانەی، کە تایبەتن بە زمانێکی دیاریکراو، تەنها بە گرێی فەرهەنگیی یەکێک لە زمانەکان پەیوەستە. پرسیاری وروژێنراو لە پرۆسەی دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگیی جووتزمانەدا ئەوەیە، چۆن جووتزمانەیەکی کوردی- ئینگلیزی بە شێوەیەکی پێڕەوبەندانە لە هەمبەر چەمکی (گوڵ) لە دەوروبەرێکدا وشەی کوردی (گوڵ) لە دەوروبەرێکی دیکەدا وشەی ئینگلیزی (flower) بەکاردەهێنێت، کە هەردوو وشەکە چەمکێکی هاوبەشیان هەیە؟ ئایا لە جووتزمانەدا پێڕەوی چەمکی گرێی فەرهەنگی پەیکاڵ لە هەردوو زمانەکەدا چالاکدەکات، یاخود سنووردارە و تایبەتە بە زمانێکی دیاریکراو؟ واتە چۆن لە تاکزمانەدا بە چالاکبوونی چەمکی (کتێب) گرێی فەرهەنگی (کتێب) و گرێ پەیوەندیدارەکانی وەکو (پێنووس، تیانووس و کتێبخانە) چالاکدەبن، ئایا لە جووتزمانەکاندا بە چالاکبوونی چەمکی (کتێب) جووتە هاوتا وەرگێڕانەکان (کتێب) و (book) لە هەردوو زمانەکەدا چالاکدەبن و کێبڕکێ لە نێوان ئەم جووتە وشە چالاککراوانە بۆ هەڵاوێرکردن ڕوودەدات، یاخود تەنها گرێی فەرهەنگیی پەیکاڵ لە زمانی ئامانج چالاکدەبێت؟ بۆ پەرسڤدانەوەی ئەم پرسیارە دوو گریمانەی دژبەیەک پێشنیارکراوە (Assche et al, 2020: 43):

گریمانەی یەکەم/ دەستپێداگەیشتنی زمانی هەڵاوێرکراو (دیاریکراو): جووتزمانەکان تەنها نواندنە فەرهەنگییەکانی زمانی ئامانج چالاکدەکەن.

گریمانەی دووەم/ دەستپێداگەیشتنی زمانی هەڵاوێرنەکراو (دیارینەکراو): جووتزمانەکان گرێ فەرهەنگییەکانی هەردوو زمانەکە چالاکدەکەن.

لەسەر بنەمای گریمانەی یەکەم، چالاککردن سنووردارە بە نواندنە فەرهەنگییەکانی زمانی ئامانج، دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگی جووتزمانە هاوشێوەی دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگییە لە تاکزمانەدا، پێڕەوی چەمکی نواندنە فەرهەنگییەکانی زمانی ئامانج چالاکدەکات، ڕێگری لە چالاکبوونی نواندنە فەرهەنگییەکانی زمانی نائامانج دەکات، ئەم چالاکنەبوونەی نواندنە فەرهەنگییەکانی زمانی نائامانج ڕێگە بە جووتزمانە دەدات، هاوشێوەی تاکزمانە کاربکەن، بۆ نموونە، جووتزمانەیەکی کوردی- ئینگلیزی لە کاتی ئاخاوتن بە زمانی کوردی بە چالاکبوونی چەمکی (ئاو) چالاکبوون بۆ گرێی فەرهەنگیی (ئاو) و وشە پەیوەندیدارەکانی سنووردار‌دەبێت و پێشگیری لە چالاکبوونی هاوتا

وەرگێڕانەکەی (water) لە زمانی ئینگلیزی دەکرێت. بە پێچەوانەوە لە گریمانەی دووەمدا بە چالاکبوونی چەمکێک چالاکبوون بۆ گرێ فەرهەنگییە پەیکاڵەکانی لە هەردوو زمانەکەدا بڵاودەبێتەوە، دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگی جووتزمانە لە تاکزمانە جیاوازە، هاوکات هەردوو زمانەکە چالاکدەبن، گرێی فەرهەنگی پەیکاڵ لە زمانی نائامانج وەک ڕکابەر کاردەکەن، لە قۆناغەکانی دواتردا دەچەپێنرێن و کپدەکرێن ( costa et al, 2000: 411)، بۆ نموونە، جووتزمانەیەکی کوردی- ئینگلیزی بە چالاکبوونی چەمکی (مێز) وشە هاوتا وەرگێڕانەکانی (مێز) و(table) لە هەردوو زمانەکەدا چالاکدەکات، کێبڕکێ لە نێوان ئەم گرێ فەرهەنگییە چالاککراوانە ڕوودەدات، لە قۆناغەکانی دواتردا تەنها گرێی ئامانج هەڵاوێردەکرێت.

لەسەر بنەمای مۆدێلە نوێیەکانی دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگی جووتزمانە، پێڕەوی چەمکی نواندنە فەرهەنگییە پەیکاڵەکانی لە هەردوو زمانەکەدا چالاکدەکات، واتە چەمکێکی چالاککراو چالاکبوون بۆ نواندنە فەرهەنگییە پەیوەندیدارەکانی لە زمانی یەکەم و دووەمدا بڵاودەکاتەوە ( Green, 1986, 1998; De Bot, 1992; De Bot & Schreuder, 1998; Poulisse, 1999; Costa, Caramazza & Sebastian-Galles, 2000; Gollan & Kroll, 2001; Colome, 2000).

لە کاتی بەرهەمهێنانی زمانێکی دیاریکراودا لە لایەن جووتزمانەکانەوە هەردوو پێڕەوە فەرهەنگییە هاوکات چالاکدەبن و لە دەروازەکانی هەردوو پێڕەوە فەرهەنگییەکە بە دوای دەروازەی گونجاودا دەگەڕێن. زۆرێک لەو بەڵگە ئەزموونیانەی، کە پشتگیری لە چالاکبوونی هاوکاتی هەردوو زمانەکە لە ئاوەزی جووتزمانەدا دەکەن، شێوازەکانی (دەستێوەردانی وشە- وێنە، هەڵخلیسکاندنی زمان، دیاردەی لەسەر زمان، بەپرۆسەدابردنی وشە هاوڕیشەکان، کاریگەرێتی هاوسێیەتی نێوان زمانی و لێکچوونی فۆنیمی وشەکان بەبێ تێکچڕژانی واتایی) بەکاردێنن، بۆ ڕاستاندنی چالاکبوونی هاوکاتی گرێ فەرهەنگییەکانی هەردوو زمانەکە.

لە تێگەیشتنی ئاخاوتندا ئاراستەی چالاککردن پێچەوانەیە، لە پێڕەوی فۆنۆلۆجییەوە بۆ پێڕەوی چەمکی دەڕوات. گوێگر هیچ کۆنترۆڵێکی بەسەر ئەو زمانەدا نییە، کە وشەکانی پێتێکردەدەکرێت، مۆدێلەکانی ناسینەوەی وشە لە جووتزمانەدا گریمانەدەکەن، کە لە تێگەیشتنی ئاخاوتندا لێشاوی چالاککردن تایبەت نییە بە زمانێکی دیاریکراو، زنجیرەیەک دەنگ گرێ فەرهەنگییەکانی هەردوو زمانەکە هاوکات چالاکدەکات بەبێ لەبەرچاوگرتنی زمانی بەکارهاتوو، لە ناسینەوەی وشەکاندا، کە قۆناغی سەرەتایی تێگەیشتنی ئاخاوتنە، سنووری نێوان زمانەکان بەتووندی جیاناکرێتەوە و ئەم چالاکبوونە هاوکاتە

دەبێتەهۆی کارلێکی زمانی لە ئاستە جیاوازەکانی بەپرۆسەدابردن، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ناسینەوەی وشە خودکارانەیە و هەڵاوێرنەکراوە (پورمحمد، ۱۳۹۹: ۳٦٥).

هەڵاوێرکردنی فەرهەنگی بە میکانیزمی پاش چالاککردنی گرێ فەرهەنگییەکانی هەردوو زمانەکە دادەنرێت. هەڵاوێرکردنی فەرهەنگی میکانیزمێکی بنەڕەتییە، ئاخێوەر لە ڕێگەی ئەم میکانیزمەوە وشەی گونجاو لە زمانی ئامانج بەدەستدەهێنێتەوە، کە لەگەڵ مەبەستی پەیوەندیکردنەکەدا دەگونجێت. واتە میکانیزمی هەڵاوێرکردن بەرپرسە لە هەڵاوێرکردنی گونجاوترین گرێی فەرهەنگی لە نێوان نواندنە فەرهەنگییە چالاککراوەکان (Costa & Santesteban, 2004: 492). بۆ جووتزمانە ئەم میکانیزمە ئاڵۆزترە و هەڵاوێرکردنەکە لە چوارچێوەی دوو زماندایە، لە کاتێکدا گرێ فەرهەنگییەکانی هەردوو زمانەکە چالاکدەبن، دەبێت گرێی فەرهەنگی گونجاو لە زمانی ئامانجدا هەڵاوێربکرێت، بەو واتایەی ئەرکی ئەم میکانیزمە تەنها هەڵاوێرکردنی گرێی فەرهەنگیی ئامانج بۆ چەمکی چالاککراو نییە، بەڵکو دەبێت ئەو گرێ فەرهەنگییە لە زمانی ئامانجدا هەڵاوێربکات و ڕێگری لە دەستێوەردانی یەکە فەرهەنگییەکانی زمانی نائامانج بکات.

لە میکانیزمی هەڵاوێرکردندا تیشکدەخرێتەسەر ئەوەی، کە گرێ فەرهەنگییە چالاککراوەکانی زمانی نائامانج لە کاتی هەڵاوێرکردندا کێبڕکێدەکەن، یاخود نەخێر؟ بەشێک لە مۆدێلەکانی دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگیی جووتزمانە گریمانەدەکەن، کە میکانیزمی هەڵاوێرکردنی فەرهەنگی تایبەتە بە زمانێکی دیاریکراو و بەتەواوی هەڵاوێرکردن بۆ یەک زمان سنووردارە. بەپێچەوانەوە، بەشێکی تر لە مۆدێلەکان گریمانەدەکەن، کە میکانیزمی هەڵاوێرکردن هاوشێوەی میکانیزمی چالاککردن تایبەت نییە بە زمانیکی دیاریکراو، پاش کێبڕکێکردنی گرێ فەرهەنگییەکانی هەردوو زمانەکە ڕێگریکردن جێبەجێدەکرێت (La Heij, 2005: 303). ئەم دوو گریمانەیە چۆنیەتی کارکردنی میکانیزمی هەڵاوێرکردنی فەرهەنگیی جووتزمانەیان جیاواز لەیەکتر ڕاڤەکردووە، لە گریمانەی یەکەمدا هەڵاوێرکردنی فەرهەنگیی جووتزمانە هاوشێوەی هەڵاوێرکردنی فەرهەنگی تاکزمانە کاردەکات، تەنها چالاکبوونی گرێ فەرهەنگییەکانی زمانی ئامانج لەبەرچاودەگیرێت، گرێ فەرهەنگییەکانی زمانی نائامانج بۆ هەڵاوێرکردن کێبڕکێناکەن، بەمەش وشەکانی زمانی نائامانج دەستێوەردان لە هەڵاوێرکردنی وشەکانی زمانی ئامانج ناکەن. لە گریمانەی دووەمدا چالاکبوونی وشەکانی پەیوەست بە نواندنە چەمکییەکە لە هەردوو زمانەکەدا لەبەرچاودەگیرێن، وشەکانی هەردوو زمانەکە کێبڕکێدەکەن بۆ هەڵاوێرکردن، کارکردنی وشەکانی زمانی نائامانج وەک ڕکابەر، لە هەڵاوێرکردنی فەرهەنگیدا هەبوونی میکانیزمی ڕێگریکردن بۆ کپکردنی

وشەکانی زمانی نائامانج پێویستە، دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگی جیاواز لە تاکزمانەکان میکانیزمی ڕێگریکردن لەخۆدەگرێت.

مۆدێلە نوێیەکانی دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگی پشتگیری ئەو تێڕوانینە دەکەن، کە کە گرێی فەرهەنگیی چالاککراوی هەردوو زمانەکە بۆ هەڵاوێرکردن کێبڕکێدەکەن ( Dell, 1986; Roelofs, 1992; Caramazz, 1997; Levelt, 2001). ئەم لێکۆڵینەوە پشتبەست بە تیۆر و مۆدێلە نوێیەکان و بەڵگە ئەزموونییەکان لەسەر گریمانەی کێبڕکێکردنی گرێ فەرهەنگییەکانی هەردوو زمانەکە بۆ هەڵاوێرکردن کاردەکات. لە کاتی کێبڕکێکردنی گرێکانی هەردوو زمانەکە لە هەنگاوی یەکەمدا، بۆ هەڵاوێرکردن پشت بە ئاستی چالاکبوونی گرێ فەرهەنگییەکانی هەردوو زمانەکە دەبەسترێت، ئەگەر ئاستی چالاککردنی وشەکانی زمانی ئامانج بەراورد بە وشەکانی زمانی نائامانج زیاتربێت، هەڵاوێرکردن خێراتر و ئاسانترە، بە پێچەوانەوە، ئەگەر ئاستی چالاککردنی وشەکانی زمانی ئامانج وشەکانی زمانی نائامانج هاوشێوەبن یاخود جیاوازی نێوانیان کەمبێت، هەڵاوێرکردن دژواردەبێت (costa, 2005: 313)، ئەگەر هەردوو هاوتا وەرگێڕانەکە ئاستی چالاکبوونیان هاوشێوە یاخود جیاوازی لە نێوانیاندا کەمبێت، چۆن ڕێگری لە گرێی فەرهەنگی زمانی نائامانج دەکرێت، تا دەستێوەردان و هەڵەی زمانی نەیەتەئاراوە؟ تایبەتمەندیی گرنگی دەستپێداگەیشتنی جووتزمانەکان ئەوەیە، کە بە ئاسانی ئەم بارودۆخە بەرزەفتدەکەن و ڕێگری لە دەستێوەردانی گرێ فەرهەنگییەکانی زمانی نائامانج دەکات.

دوو میکانیزمی سەرەکی بۆ دڵنیابوون لە هەڵاوێرکردنی گرێ فەرهەنگییەکانی زمانی ئامانج و ڕێگریکردن لە دەستێوەردانی گرێ فەرهەنگییەکانی زمانی نائامانج پێشنیارکران:

میکانیزمی یەکەم/ میکانیزمی چالاککردن بە ئاستی جیاواز، گرێ فەرهەنگییەکانی هەردوو زمانەکە بە یەکسانی چالاکنابن، ئەگەر پەیامی پێش زمانی تایبەتمەندیی زمانێکی دیاریکراوی تێدابێت، ئاستی چالاکبوونی گرێ فەرهەنگییەکانی زمانە جیاوازەکان دەگۆڕێت، لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئاخاوتندا دەکرێت ئاستی چالاکبوونی گرێ فەرهەنگییەکانی زمانێک بەراورد بە گرێ فەرهەنگییەکانی زمانێکی دیکە بەرزتربێت، (Wei, 2002: 694). توانای جیاکردنەوەی زمانەکان لەسەر بنەمای ئاماژە زمانییەکان لە ئاستی چەمکیدا سەرچاوەدەگرێت، شکستهێنان لە بەکارهێنانی ئاماژەی دروست دەکرێت بە شێوەی هەڕەمەکی دەستپێداگەیشتن بۆ گرێ فەرهەنگییەکانی زمانی نائامانج ڕوودات (La Heij, 2005: 303). ئاستی چالاکبوونی گرێ فەرهەنگییەکان

بۆ هەڵاویرکردن گۆڕاوێکی گرنگە، ئەو وشەیەی بەرزترین ئاستی چالاککردنی هەبێت، هەڵاوێردەکرێت، ئەو وشانەی ئاستی چالاکبوونیان کەمە، کپدەکرێن، بە پشتبەستبەستن بە بەرزترین ئاستی چالاککردن، هەڵاوێرکردن پرۆسەیەکی سادەدەبێت، بە نموونە، جوتزمانەیەکی کوردی- ئینگلیزی لە بەرهەمهێنانی ئاخاوتن بە زمانی کوردی بۆ گوزارشتکردن لە چەمکی (میوە)، پشتبەست بە ئاماژە و دەوروبەرە زمانییەکە ئاستی چالاکبوونی وشە کوردییەکە (میوە) بەرزترە لە ئاستی چالاکبوونی هاوتا وەرگێڕانەکەی (fruit) لە زمانی ئینگلیزیدا، وشەی (میوە) هەڵاوێردەکرێت و هاوتا وەرگێڕانەکەی (fruit) کپدەکرێت، واتە ئەو ڕادە جیاوازەی چالاککردنی گرێ فەرهەنگییەکان دەتوانێت ئەوە دەستەبەربکات، کە ئەو گرێ فەرهەنگیانەی ئاستی چالاکبوونیان بەرزترە، دەستپێداگەیشتن بۆیان ڕوودەدات.

میکانیزمی دووەم/ میکانیزمی کۆنترۆڵکردن- ڕێگریکردنە، کە پرۆسەیەکی ڕێگرە، کار لەسەر نواندنە فەرهەنگییەکانی زمانی نائامانج دەکات، ئاستی چالاککردنی نواندنە فەرهەنگییەکانی زمانی نائامانج کەمدەکاتەوە، تا بتوانرێت کپبکرێن، بەمەش ئاستی چالاکبوونی نواندنە فەرهەنگییەکانی زمانی ئامانج بەراورد بە نواندنە فەرهەنگییەکانی زمانی نائامانج زیاددەکات، بە مەبەستی دڵنیابوون لەوەی، کە وشەی هەڵاوێرکراو لە زمانی ئامانجە (Costa, 2005: 315). بەو واتایەی جووتزمانەکان هەڵاوێرکردنی فەرهەنگی ڕێکدەخەن، بە کەمکردنەوەی ئاستی چالاککردنی گرێ فەرهەنگییەکانی زمانی نائامانج، بەم کەمکردنەوە دەتوانن نواندنە فەرهەنگییەکانی زمانی نائامانج کپبکەن، ئەمەش لە ڕێگەی میکانیزمی کۆنترۆڵی-ڕێگریکردن ئەنجامدەدرێت. کۆنترۆڵکردن میکانیزمێکی سەرەکییە لە دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگیی جووتزمانە، هەڵاوێرکردنی فەرهەنگی لە زمانی ئامانجدا دەستەبەردەکات، لە دەستێوەردانی زمانی نائامانج تا ڕادەیەکی زۆر ڕێگریدەکات.

Green (1986) و (1998) مۆدێلی کۆنترۆڵکردن- ڕێگریکردنی (inhibitory- control model) لە بەپرۆسەدابردنی جووتزمانەدا خستەڕوو، چوارچێوەیەکە ڕوونیدەکاتەوە، کە چۆن جووتزمانەکان دوو زمان بەڕێوەدەبەن و کۆنترۆڵیدەکەن، زمانێک بەبێ دەستێوەردانی زمانەکەی دیکە بەکاردەهێنن. ڕێگریکردن کاردانەوەیەکە، کە دوای چالاککردنی نواندنە فەرهەنگییەکانی هەردوو زمانەکە جێبەجێدەکرێت، گرێ فەرهەنگییەکانی زمانی نائامانج ڕێگریدەکرێن، ڕادەی ڕێگریکردن لە زمانێکدا بە ئاستی لێهاتوویی تاکی جووتزمانە پەیوەستە (Costa & Santesteban, 2004: 492-493)، بەو واتایەی ڕێگری لە وشەکانی زمانی باڵادەست کە ئاستی چالاکبوونیان بە هۆکاری

بەکارهێنانی زیاتر و پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ چەمکە ئاوەزییەکان بەرزترە، سەختترە، ئەمەش وا دەکات، ڕادەی ڕێگریکردنەکە لە کاتی بەکارهێنانی زمانی ژێردەست زیاتربێت، بۆ نموونە جووتزمانەی باڵادەست لە کاتی بەکارهێنانی زمانی دووەمدا ڕێگریکردنێکی بەهێزی پێویستە، بەڵام جووتزمانە هاوکات و هاوئاستەکان پێویستیان بە ڕادەی ڕێگریکردنی کەمتر هەیە، تا پێشگیری لە دەستێوەردان و هەڵەی زمانی بکەن.

مۆدێلی کۆنترۆڵکردن- ڕێگریکردن لەسەر بنەمای چەند ئاستێکی کۆنترۆڵکردن بنیاتنراوە، بۆ هەڵاوێرکردنی فەرهەنگی و ڕێگریکردن لە دەستێوەردان پشت بە نیشانە زمانییەکان، سکێما ئەرکییەکان و پێڕەوی سەرنجی چاودێری دەبەسترێت. بەپێی ئەم مۆدێلە وشەکانی هەر زمانێک لە ڕێگەی نیشانە زمانییەکان نیشانەدەکرێن، ئەم نیشانانە دیاریدەکەن، کە وشەی خوازراو بە کام زمانی جووتزمانە پەیوەستە، پێڕەوی چەمکی گرێ فەرهەنگییەکانی هەردوو زمانەکە لە ئاستی فەرهەنگی چالاکدەکات و کێبڕکێ لەسەر هەڵاوێرکردن دەکەن، ئەو یەکە کێبڕکێکەرانەی، کە نیشانەی پەیوەست بە زمانی نائامانجیان هەیە، ڕێگریانلێدەکرێت، تا دەستپێداگەیشتن بۆ وشەی ئامانج ڕووبدات. سکێما ئەرکییەکانی زمان وەکو کۆنترۆڵی ڕێگریکەر یارمەتیدەرن بۆ کپکردن و وەلانانی گرێ فەرهەنگییەکانی زمانی نائامانج، تا گرێی فەرهەنگی لە زمانی ئامانج هەلاوێربکرێت، پاشان لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە بەکۆددەکرێت (Schwieter & Ferreira, 2016: 194-195) و دەستپێداگەیشتن بۆ زانیارییە فۆنۆلۆجییە گونجاوەکان، کە وشەی ئامانج پێکدەهێنن، ڕوودەدات. لەم مۆدێلەدا ئاستی فەرهەنگی ئەو ئاستەیە، کە ڕێگریکردن تێیدا ڕوودەدات، چالاککردنی سەگمێنتە فۆنۆلۆجییەکان بۆ گرێی فەرهەنگیی گونجاو سنووردارە، تاکە زانیاریی فۆنۆلۆجی، کە چالاکدەبێت، هاوتایە لەگەڵ گرێ فەرهەنگییەکانی زمانی ئامانج (Costa, 2005: 315). بەپێی ئەم گریمانەیە پرۆسەی هەڵاوێرکردن وەکو پاڵێوگەیەک کاردەکات لە بڵاوبوونەوەی چالاککردنی یەکەی نائامانج لە ئاستی فەرهەنگییەوە بۆ ئاستی بەکۆدکردنی فۆنۆلۆجی ڕێگریدەکات، تەنها سیما فۆنۆلۆجییەکانی زمانی ئامانج چالاکدەبن. ئەم گریمانەیە ناتەبایە لەگەڵ ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی، کە دەریانخستووە، نواندنە فۆنۆلۆجییەکانی گرێ فەرهەنگییەکانی زمانی نائامانج چالاکدەبن، بەڵام ئاستی چالاکبوونی سیما فۆنۆلۆجییەکانیان بەراورد بە سیما فۆنۆلۆجییەکانی زمانی ئامانج کەمترە، بەپێی ئەم تێڕوانینە هەڵاوێرکردن لە ئاستی بەکۆدکردنی فۆنۆلۆجی ڕوودەدات، نەک ئاستی فەرهەنگی.

پێڕەوی سەرنجی چاودێری بەرپرسیارە لە کۆنترۆڵکردنی سەرنجدان، بەتایبەت لەو ئەرکانەی، کە پێویستیان بە کۆنترۆڵی جێبەجێکردن هەیە، کارکردنی ئەم پێڕەوە بە

شێوەیەکی کاریگەر لە ڕوودانی چەشنەکانی هەڵەی زمانی ڕێگریدەکات، هەر تێکچوونێک یان سستییەک لە پێڕەوی سەرنجی چاودێری دەکرێت ببێتەهۆی دروستبوونی هەڵە وەک تێکەڵکردنی زمانەکان، ئەم پێڕەوە لە چوارچێوەی گۆڕینی زماندا لە زمانی یەکەم بۆ زمانی دووەم یاخود بەپێچەوانەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت (Traxler, 2012: 431-432). ئەم میکانیزمانەی ڕێگریکردن، کە باسیانلێوەکرا، بۆ ئەو نواندنە چەمکییە هاوبەشانەیە کە بە گرێ فەرهەنگییەکانی هەردوو زمانەکە پەیوەستن، هەڵاوێرکردن بۆ وشە پەیکاڵەکانی ئەو چەمکانەی، کە تایبەتن بە زمانێکی دیاریکراو بەبێ پرۆسەی ڕێگریکردن بەدەستدێت، تەنها گرێی فەرهەنگی زمانێکی دیاریکراو چالاکدەبێت، پێویست بە جیاکردنەوەی زمانەکان ناکات. بەپێی مۆدێلی Green (1998) ئەو چەمکانەی تایبەتن بە زمانێکی دیاریکراو، گرێ فەرهەنگییە پەیکاڵەکانیان بە نیشانەی زمانی زمانێکی دیاریکراو نیشانەکراون، لە ڕێگەی میکانیزمی پشکنین، بۆ دڵنیابوون لە چالاکبوونی گرێی فەرهەنگی ئامانج پشکنیندەکرێت.

پاش بەجێهێنانی میکانیزمەکانی چالاککردنی گرێ فەرهەنگییەکان، کۆنترۆڵکردنی یەکە کێبڕکێکەرەکان و هەڵاوێرکردنی فەرهەنگی تاکی جووتزمانە دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگییان بۆ یەک زمان سنووردارەدەکەن و گرێی فەرهەنگی گونجاو لە زمانی ئامانج بەسەرکەوتووی بەدەستدەهێننەوە.

## ئەنجامەکان

١- جووتزمانەی بالادەست، کە ئاستی زانیاریی زمانی دووەمیان لە ئاستێکی نزمدایە ، پشت بە زانیارییەکانی زمانی یەکەم لە بەپرۆسەدابرنی زمانی دووەم دەبەستن، ئەم پشتبەستنە دەکرێت هەڵەی زمانی بهێنێتەئاراوە، بەهۆی دەستێوەردانی زمانی یەکەم و جێبەجێکردنی ستراتیجییەکانی زمانی یەکەم لە بەکارهێنانی زمانی دووەمدا سەرچاوەدەگرێت، بە ئاشنابوون و بەرکەوتنی زیاتر و زیاتربوونی ئەزموونی جووتزمانە لەگەڵ زمانەکەدا، فێرخوازان توانا و توانستیان لە زمانی دووەم زیاددەکات، لەسەر بنەمای زانیاریی و داتاکانی زمانی دووەم پرۆسە زمانییەکان بەجێدەهێنێت، هەڵە زمانییەکان کەمدەبێتەوە.

٢- جووتزمانە هاوئاستەکان، کە لە فێربوونی زمانی دووەمدا لە ئاستی پەرەسەندوودان، پشت بە سێ نواندنی چەمکیی دەبەستن: نواندنە چەمکییە یەکسانەکان، نواندنە چەمکییە بەشەکییەکان و نواندنە چەمکییەکانی تایبەت بە زمانێکی دیاریکراو.

٣- جووتزمانەکان لە بەجێهێنانی پرۆسە زمانییەکانی تێگەیشتن و بەرهەمێنانی ئاخاوتندا بە زمانێکی دیاریکراو، گرێ فەرهەنگییەکانی هەردوو زمانەکە چالاکدەکەن و بۆ هەڵاوێرکردن کێبڕکێدەکەن، تا گرێی فەرهەنگی گونجاو لە زمانی ئامانج هەڵاوێردەکرێت.

## سەرچاوەکان

- محمد امین، امیر محمد (٢٠١٧)، ڕەهەندی زمان و بیر لە زانستی زماندا، مجلة جامعة کرکوک/ للدراسات الانسانية، ١٢(١)، ١٢٤-١٤٧.

- مەحموود، ئاڤێستا کەمال (٢٠١٦)، پێکداچوونەکانی نێوان فەرهەنگی ئاوەزیی و پەنابەرێتی زمانیی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی،٥٠، ٢٧-٤٤.

- مەحموود، ئاڤێستا کەمال (٢٠١٢)، پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، لەریا، سلێمانی.

- کريم، ئاسۆ عبدالرحمن و حاجی فەرەج، شاخەوان جەلال (٢٠٢٢)، ستراتیژەکانی فێربوونی زمانی دووەم، مجلة جامعة کرکوک/ للدراسات الانسانية، ١٧(١)، ٣٤٠-٣٧٢.

- عبدالرحمن، باخان سرحد (٢٠٢٤)، پەیپێبردنی ئاخاوتنی و دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگی لە زمانی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- اللەکرمی، آزاد؛ علی آبادی، خدیجه؛ صحرایی، رضامراد و دلاور، علی (١٣٩٧)، آموزش به زبان مادری در نظام آموزش رسمی کشور: فرصت یا تهدید؟، فصلنامه نوآوری های آموزشی، ٦٥، ٤٣-٧٤.

- استانیبرگ، دنی، مترجم: گلفام، ارسلان (١٤٠٠)، درامدی بر روانشناسی زبان، چاپ سیزدهم، مشعر، تهران.

- پورمحمد، مهدی (١٣٩٩)، روانشناسی زبان، چاپ دوم، مشعر، تهران.

- حسین زاده، کوثر؛ خلیلی نژاد، فاطمه و سعیدی، پرنیان (١٤٠١)، تاثیر زبان دوم بر توانایی شناختی و بهبود حافظه، مطالعات روانشناسی و علوم تربیتی، ٨(٤)، ٣٤٠-٣٥١.

- منصوریان، فریبا و محمدی افشار، هوشنگ (١٣٩٤)، تفاوت یک زبانه‌ها و دو زبانه‌ها از نظر یادگیری دستور زبان فارسی، دهمین همایش بین المللی ترویج زبان و ادب فارسی، دانشگاه محقق اردبیلی، ٨١٨-٨٣٣.

– محمدزاده، محمد رضا (۱٤۰۰)، دوزبانگی و چندزبانگی در مدارس، نهمین کنفرانس بین المللی پژوهش های مدیریت و علوم انسانی در ایران، تهران، ۱-۱٤.

– کریستال، دیوید، مترجم:ربیع، علی (۱۳۹۳)، زبان چگونه کار می کند، علمی، تهران.

– کولز، ایچ ویند، مترجم: احدی، حوریه (۱۳۷۹)، روان شناسی زبان، پارسی، تهران.

– واعظی، شهین؛ ذوالفقاری اردچی، فاطمه و رحیمی، ابراهیم (۱۳۹۱)، پردازش ذهنی در کودکان دوزبانه و تک زبانه، تفکر و کودک، ۳(۱)، ۱۱۹-۱۳٤.

- Assche, E.V.; Brysbaert, M. & Duyck, W. (2020), Bilingual Lexical Access, discussions, stats, and author profiles for this publication at: https://www.researchgate.net/publication/338404881, 42-68.

- Bloomfield, L. (1933), Language, George Allen & Unwin LTD, London.

- Bialystok, E. (2001), Bilingualism in development: language literacy and cognition, Cambridge University Press, Cambridge.

- Costa, A. (2005), Lexical Access in Bilingual Production. In Kroll, J.F. & De Groot, A.M. (Eds), The Handbook of Bilingual: psycholinguistic Approaches, (309-325). New York: Oxford University press.

- Costa, A.; Colomé, À. & Caramazza, A. (2000), Lexical Access in Speech Production: The Bilingual Case, Psicológica, 21, 403-437.

- Costa, A. & Santesteban, M. (2004), Lexical access in bilingual speech production: Evidence from language switching in highly proficient bilinguals and L2 learners, Journal of Memory and Language ,50, 491-511.

- Dong, Y.; Gui, SH. & Macwinney, B. (2005), Shared and separate meaning in the bilingual mental lexicon, Bilingualism: Language and Cognition, 8(3), 221-238.

- Dulay, H.C. & Burt, M.K (1972), Goofing: An indicator of children's second language learning strategies, Language Learning, 22(2), 235-252.

- Ecke, P. (2009), The tip-of-the- tongue phenomenon as a window on (Bilingual) Lexical Retrieval. In Pavlenko, A (Eds.), The bilingual mental lexicon: interdisciplinary approaches (pp. 185-208). Bristol: Multilingual Matters.

- Ferreira, R.C. & Mozzillo, I. (2021), Conceptual Transfer: Linguistic Relativity in Second Language Learning. In Alfa: Revista de Linguística (São José do Rio Preto) 65, e12799, 1-20.

Green, D.W. (1986). "Control, activation and resource". Brain and Reprinted. In Wei, L. (Eds). The Bilingualism Reader (pp. 371-383). Routledge: London.

Green, D.W. (1998). "Mental control of the bilingual lexico-semantic system" Bilingualism: Language and Cognition,1, 67-81.

-Goksan, S.; Argyri, F; Clayden, G.D; Liégeois, F & Wei, L (2020), early childhood bilingualism: effects on brain structure and function, F1000 Research, 1-14.

- Grosjean, F. (1989), Neurolinguistic, Beware! The Bilingual Is Not Two Monolingual in one person, Brain and Language, 36, 3-15.

- Heredia, R.R. & Brown, J.M. (2006), Bilingual Memory. In Bahita, T.K. & Ritchie, W.C. (Eds), The Handbook of Bilingualism and Multilingualism (pp. 225-250). Malden: Wiley- Blackwell.

- Heredia, R.R. & Cieślicka, A.B. (2014), Bilingual Memory Storage: Compound- Coordinate and Derivatives. In R. R. Heredia & J. Altarriba (Eds.), *Foundations of bilingual memory* (pp. 11–39). Springer Science + Business Media.

- Hermans, D.; Bongaerts, T., De Bot, K. & Schreuder, R. (1998), Producing words in a foreign language: Can speakers prevent interference from their first language? Bilingualism: Language and Cognition, 1(3), 213-229.

- Jared, D.; Poh, R.P.Y. & Paivio, A. (2013), L1 and L2 picture naming in Mandarin-English bilinguals: A test of Bilingual Dual Coding Theory, Bilingualism: Language and Cognition, 16(2), 383-396.

-Jarvis, S. (2009), Lexical Transfer. In Pavlenko, A. (Eds), The Bilingual Mental Lexicon (pp. 99-124). Cromwell press Ltd, Britain.

- Jiang, N. (2000), Lexical Representation and Development in a Second Language, Applied Linguistic, 21(1), 47-77.

- Kroll, J.F. & Stewart, E. (1994), Category Interference in Translation and Picture Naming: Evidence for Asymmetric Connections between Bilingual Memory Representations, Journal of Memory and Language, 33, 149-174.

-La Heij, W. (2005), Selection Processes in Monolingual and Bilingual Lexical Access. In Kroll, J.F. & De Groot, A.M. (Eds), The Handbook of Bilingual: psycholinguistic Approaches, (289-307). New York: Oxford University press.

- Loebell, H. & Bock, K. (2003), Structural priming across languages, *Linguistics, 41*(5), 791–824

- Menenti, L. & Indefrey, P. (2006), L2-L1 Word Association in bilinguals: Direct Evidence, Nijmegen CNS, 1(1), 17-24.

- Pavlenko, A. (2009), Conceptual Representation in the Bilingual Lexicon and Second Language Vocabulary Learning. In Pavlenko, A. (Eds), The Bilingual Mental Lexicon (pp. 125-160). Cromwell press Ltd, Britain.

- Roelofs, A. (2003), Shared phonological encoding processes and representations of languages in bilingual speakers, Language and Cognitive Processes, 18(2), 175-204.

- Schwieter, J.W. & Ferreira, A. (2016), Effects of cognitive control, lexical robustness, and frequency of codeswitching on language switching. In book: Cognitive Control and Consequences of Multilingualism (pp.193-216). Publisher: John Benjamins Publishing.

- Traxler, M.J. (2012), Introduction to psycholinguistics: Understanding Language Science, Wiley-Blackwell Publishing, Chichester, West Sussex, UK.

- Wei, L. (2020), The Bilingual Mental Lexicon and Lemmatic Transfer in Second Language, English Language Teaching and Linguistics Studies, 2(3), 43-63.

- Wei, L. (2002), The Bilingual Mental Lexicon and Speech Production process, brain and language, 81(1-3), 691-707.

- Weinreich, U. (1979), Language in contact: Findings and problems, Mouton publishers, The Hage, Paris, New York.

Ying, Zha. (2017), The Representation of Bilingual mental Lexicon and English vocabulary Acquisition, Canadian center of Science and Education, 10(12), 24-17.

# Index Of Published Research

## Quranic Sciences Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The Effects of Contemporary Atheism on Societal Life and Ways to Prevent It | Taghlub Khalil Ibrahim<br>Prof. Dr. Muhammad Khalil Ibrahim | 1-45 |


## Psychological and Educational Sciences Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The Effect of the Dual-Situation Learning Model (DSLM) on the Achievement of Fifth-Grade Literature Students in the Holy Quran and Islamic Education Subjects and the Development of Their Systematic Thinking | Ali Assistant Lecturer Hussein Abdullah Ibrahim | 46-76 |
| 2 | The impact of the aquarium strategy in the processing of fifth grade students ' literary information in the history subject and the development of their lateral thinking. | Dr. Ismail Hammash<br>Jassim | 77-113 |


## Geographical Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The effect of dams on sustainable rural development, a case study of the Shian Dam, Kermanshah province, Iran | Aeizh Azmi<br>Asst. Lect. Dedar Aswad Ali<br>Asst. Lect. Taeb talb hamakhan | 114 -141 |

**Historical Research**


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The scientific output of the scholars of the Maghreb and Andalusia in the field of authorship through the book “Deaths of Notables and News of the Sons of Time” by Ibn Khallikan (d. 681 AH/1282 AD) | Sahera Fadel Awad Shasho<br>Prof. Dr. Azal Ibrahim Hussein | 142-183 |
| 2 | British Policy Towards Egypt, 1914–1936<br>A Historical Study | Asst. Lect. Medhat Hammash Jassim | 184 - 211 |
| 3 | The Pollution Of The Shatt Al-Arab Waters By The Oil Of The Anglo-Persian Oil Company And Its Impact On Ottoman-British Relations Before World War I: A Study Through Documents. | Aedan Shabib Salim AL-Sabahy | 863-885 |


**Turkish Language Research**


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | Analysis of The Poem “Our Old Mansion” By Nesrin Erbil | Elaf Salar Anwar<br>Asst. Prof. Goran Salahattin Şükür | 212-236 |
| 2 | A Comparative Study Between Turkish and Kurdish Proverbs | Asst. Lect. Iman Azad SADEQ | 237-257 |
| 3 | A Research On Sultan Muzafereddın Gökbörü’s Hıstorıcal Contrıbutıon To The Erbıl Regıon | İnas Salar Enver<br>Dr. Naznaz Bahjat Tawfeq | 258 -272 |
| 4 | Dverbial Participle Suffixes In Turkish And The Behdini Dialect Of Kurdish | Halabshima Mohammed Shareef<br>Assit.Prof. Dr. Karwan Salahalddin Shukur | 273- 298 |
| 5 | A Comparison of Consonants between Turkish (Turkey Turkish) and Iraqi Turkmen Turkish (Erbil Dialect) | Zaınab Sadeq Saber<br>Assist. Prof. Dr. Hazım Burhan Mustafa | 299-327 |
| 6 | Socıal And Moral Degradatıon In Rıza Çolakoğlu’s Poems | Naznaz Adnan Semin<br>Assist. Prof. Goran Salahattin Şükür | 328-364 |
| 7 | A Socıo-Polıtıcal Study On | Huda İbrahim | 365-389 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | Kemal Beyatlı's "Mecehamal" Story | Assist. Prof. Dr. Goran Salahattin Şükür | |


**Arabic Language Research**


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The Effect of the Dual-Situation Learning Model (DSLM) on the The effect of the active learning-based letter box strategy on developing reading skills among second-grade primary school students | Dr. Ali Ahmed Hussein Hamad Al-Sabaawi | 390-429 |


**English Language Research**


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | Philip Ridley's Dystopian Gothic: Childhood Trauma And The Post-9/11 World | Ala'a Muwafaq Mustafa AL-Khazraji | 430-457 |
| 2 | The Theme of Wasteland in Allen Ginsberg's "Howl" | Assist. Prof. Hussein Kadhum Challab | 458-472 |


**Kurdish Language Research**


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The origin of Linguistic Ideology in the Structure of the Kurdish Language | Asst. Lect. Edris Hamamurad Majid Prof.Dr. Karwan Omar Qadir | 473-500 |
| 2 | Rebellion in then Poems of (Abdulla Pashew) | Ahmed Sadeq Khorsheed Assist. Prof. Dr. Izzadin Saber Mohamed | 501-524 |
| 3 | Social Issues and Problems " in the Novels of Ata "Muhammad | Wrya Burhan Noori Assit. Dr. Ashti Hussein Arif | 525-548 |
| 4 | Reflection of mental conflict in Bakhtiar Ali's novel (Palace of Sad Birds) | Avin Abdulqadir Khalifa Assit. Prof. Kwestan Jamal Salam | 549-652 |
| 5 | Causes of Pessimism in Ahmad Hardi's Poetry | Amjad Rahman Qadir Prof. Dr. Sardar Ahmad Gardi | 653-582 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 6 | Language processing in a bilingual mental lexicon | Dr. Bakhan Sarhad Abdulrahman<br>Dr. Tanya Ismael Hama Amin | 583-624 |
| 7 | Praise in the Kurdish poems of Sheikh Raza Talabani | Jegr Qadir Omer<br>Prof. Dr. Sardar Ahmad Gardi | 625-681 |
| 8 | The elements of place and unfamiliar in both (The red palace ) and (a child on the moon) the novel of (Hiwa kader) | Rebaz qadir yaseen<br>Prof. Dr. Mahdi Fatih Omar | 682-713 |
| 9 | Language acquisition and learning in children in the Sulaymaniyah and Hawrami dialects | Salm Hassan Aziz<br>Prof. Dr. Baker Omer Ali | 714-750 |
| 10 | Learning a Second Language Through Mental Imagery English as an Example"" | Prof. Dr. Abduwlwahid mushir Mahmood<br>Dr. Rezhna saefaddin hasan | 751-777 |
| 11 | New Historicism Criticism and Its Application in Miran Abraham's Novel Nishtmani sara | Kanyaw Bakr Abdulla<br>Prof. Dr. Shno Muhammed Mahmwd | 778-807 |
| 12 | The Naming process in the Preservation Kurdish Language | Hemin Qadir Mahmood<br>Assist. Prof. Dr. Mustafa Raza Mustafa | 808-862 |

Kirkuk University Journal for Humanities Studies

Volume (20) Issue Two - Part One - September 2025

Issued by the College of Education for
Human Sciences, Kirkuk University

# Kirkuk University Journal for Humanities Studies

A peer-reviewed quarterly journal from the College of Education for Humanities, University of Kirkuk

A quarterly magazine issued by the
College of Education for Human Sciences
Kirkuk University

issn 1992 - 1179

Postal address
Iraq/ Kirkuk/ Kirkuk University
P.O. Box: 2281 and Zip Code: 52001